# Levels of Social Exclusion among Young People: Middle School Students in the Shaqlawa Education Directorate as an Example

Saber Ali Hasan al Hariri
Shaqlawa Education Directorate

*DOI: https://doi.org/10.31918/twejer.2574.12*

*Published: 15/1/2025*

## *Abstract*

*This study aims to: identify the level of social exclusion among middle school students according to the differences between the arithmetic averages. Also, identifying the levels of social exclusion among respondents according to variables (gender, section, branch, family income level, and housing). The importance of this study emerged in identifying the level of feeling of social exclusion among an important and influential group in society, which is the youth group (middle school students), as they are the most active group in society. To explain the phenomenon theoretically, the social rejection theory of Buss (1962) and the needs theory of Maslow (1943) were adopted. All middle school students within the boundaries of Shaqlawa Education, which includes, determined the study population (28) middle schools. A stratified random sample of (400) male and female students was selected from the study population of (5785) male and female students, with (172) males and (228) females. The researcher in the study relied on the quantitative method, and to collect data, a scale (Social exclusion) prepared by (Al-Fatlawi and Ajram, 2021). The results of the study showed that the respondents had a high sense of social exclusion, at a significant level greater than the hypothesized average. It was also noted that the members of the study sample had a positive attitude towards the situation.*

***Keyword***: *social exclusion, Marginalization, social rejection, poverty, youth, Deprivation.*

# ئاستەکانی دوورخستنەوەی کۆمەڵایەتیی گەنجان
# قوتابیانی قۆناغی ئامادەیی سنووری پەروەردەی شەقڵاوە بە نموونە

د.صابر علي حسن هەریری
نازناوی زانستی/ مامۆستا
شوێنی کار/ بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی شەقلاوە

**پوختە**

ئامانجی سەرەکی لەم توێژینەوەیە، زانینی ئاستی دوورخستنەوەی کۆمەڵایەتیە لە نێوان قوتابیانی قۆناغی ئامادەیی بە گشتی و زانینی ئاستەکانی دوورخستنەوەی کۆمەڵایەتیە لە نێوان لێتوێژەرەوان بەپێی گۆڕاوەکانی (ڕەگەز، پۆلی خوێندن، بەش، ئاستی بژێوی خێزان، شوێنی نیشتەجێبوون).

بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم دیاردەیە لە ڕووی تیۆریەوە، تیشکخراوەتەسەر هەردوو تیۆری (ڕەتکردنەوەی کۆمەڵایەتی) باس (١٩٦٢)، تیۆری (پێداویستییەکان) ماسلۆ (١٩٤٣)، کە لە لایەن توێژەرەوە پەسەندکراون.

کۆمەڵگەی توێژینەوە بریتیە لە کۆی قوتابیانی قوتابخانە ئامادەییەکانی سنووری پەروەردەی شەقڵاوە، کە ژمارەیان (٢٨) قوتابخانەیە، نموونەی توێژینەوەکەش لە جۆری هەڕەمەکی چینایەتیە کەپێکهاتوە لە (٤٠٠) قوتابی لە کۆی کۆمەڵگەی توێژینەوە، کە ژمارەیان (٥٧٨٥) قوتابیە، لە نێویاندا (١٧٢) نێر و (٢٢٨) مێ. لەم توێژینەوەیەدا پشت بە میتۆدی چەندایەتی بەستراوە. هەروەک بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیاریەکان توێژەر پێوەری (دوورخستنەوەی کۆمەڵایەتی) کە لە لایەن (الفتلاوي و عجرم،٢٠٢١) ئامادەکراوە، پەسەندکردوە. ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە دەریدەخات، کە لێتوێژەرەوان هەستێکی بەرزی دوورخستنەوەی کۆمەڵایەتیان هەیە و ئاستێکی بەڵگەداری گەورەتر لە ناوەندی گریمانەکراو پیشاندەدەن، هەروەها ئەندامانی نموونەی توێژینەوە ئاراستەیەکی ئەرێنی بەرامبەر بە دۆخەکە نیشاندەدەن.

**وشەکلیلیەکان**: **دوورخستنەوەی کۆمەڵایەتی، پەراوێزخستن، ڕەتکردنەوەی کۆمەڵایەتی، هەژاری، گەنجان، بێبەشکردن.**

## پێشەکی

دوورخستنەوەی کۆمەڵایەتی لە ناو قوتابیانی قۆناغی ئامادەییدا کێشەیەکی باوە، لە ڕۆژگاری ئێستادا، بۆتە دیاردەیەک، گەنجان (قوتابیان) هەر لە تەمەنی هەرزەکاریدا ڕووبەڕووی دەبنەوە، تەنانەت زۆرێک لە قوتابیان بەدەست هەستکردن بە پەراوێزخستن و دابڕانی کۆمەڵایەتیەوە دەناڵێنن، کاتێک لە چالاکیە کۆمەڵایەتیەکان یان لە ڕیزەکانی گروپە هاوتەمەنەکانی خۆیان لە ناو ناوەندەکانی خوێندن دووردەخرێنەوە یانیش خۆیان دووردەخەنەوە.

دوورخستنەوەی کۆمەڵایەتی یان زۆرەملێیانەیە: کە بڵاوترین شێوەی دوورخستنەوەیە و تیشکدەخاتە سەر دوورخستنەوەی چینی هەژار و بێبەش و پەراوێزخراوەکان، ئەوانەی کە بەبێ ویستی خۆیان دوورخراونەتەوە لە ڕەوتی سەرەکی کۆمەڵگە (بیلیت،٣٢:١٩٩٤).

یاخود دوورخستنەوەیەکی خۆویستانەیە، کە بە دوورخستنەوەی دەوڵەمەندەکانیش ناودەبرێت، کاتێک تاک و گروپە دەوڵەمەندەکان لە سیستەمی گشتی و هەندێکجاریش لە زۆربەی شێوازەکانی ژیانی ڕۆژانە دەکشێنەوە، خۆویستانە خۆیان لە ئەندامانی کۆمەڵگەی گەورە دابڕاندوە و لە سیستەمی گشتی تەندروستی، پەروەردە و خزمەتگوزاریەکانی دیکە، کە لە کۆمەڵگەی گەورەدا بەردەستن دەکشێنەوە (هیلز وهاوکارانی،٢٠٠٧: ٩).

دوورخستنەوەی کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی قوتابخانەدا، ڕەنگە لە دەرئەنجامی چەندین هۆکارەوە بێت، وەک بارودۆخی ئابوری و کۆمەڵایەتی قوتابیان، جیاکاری نەتەوەیی یان ئایینی، ڕەگەز، پێگەی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری، ڕواڵەتی دەرەکی، وەک جل و بەرگ، ڕواڵەتی کەسی، وەک گۆشەگیری و خۆبەکەمزانین و چەندان هۆکاری دیکە (ابراهیم، احمد،٢٠١٨: ٢٥٣-٢٥٤).

کاریگەریە نەرێنیەکانی دوورخستنەوەی کۆمەڵایەتیش، خۆی لەو کاریگەریە دەروونی و جەستەییانە دەبینێتەوە، کە لە باری تەندروستی و خۆشگوزەرانی قوتابیان ڕەنگدەداتەوە. بۆیە ئەو قوتابیانەی ڕووبەڕووی دوورخستنەوە دەبنەوە لە هەمان کاتدا، بەدەست کێشە دەروونیەکانی وەک خەمۆکی، دڵەڕاوکێ، نەبوونی متمانە بەخۆبوون دەناڵێنن، لە دۆخێکی لەم جۆرەشدا، بێگومان، دوورخستنەوەی کۆمەڵایەتی دەبێتە هۆکارێک بۆ خراپی ئاستی ئەکادیمی و ئاستەنگێک لە بەردەم دەستکەوتی خوێندنی قوتابی لە قوتابخانەدا (سالم، ٢٠١٨: ١٢).

بۆ زاڵبوون بەسەر دۆخی دوورخستنەوەی کۆمەڵایەتی لە ژینگەی پەروەردەییدا، زۆر گرنگە کۆمەڵگە و قوتابخانەکان پێکەوە کار بۆ بەرەوپێشبردنی گیانی لێبوردەیی بکەن لە نێوان قوتابیاندا. لەگەڵ ئەمەش، زۆر پێویستە قوتابیانی قۆناغی ئامادەیی لە گرنگی ڕێزگرتن لە یەکتر و پێکەوەژیانی ئاشتییانە بە باشی تێبگەن، چونکە پەروەردەی باش، دەتوانێت ڕۆڵێکی ئەرێنی لە بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری تاک بگێڕێت بۆ لێبوردەیی و پێکەوەژیانی ئاشتییانە. لەم ڕووەوە قوتابخانەکان دەتوانن، ژینگەیەکی فێرکاری گشتگیر و هاندەر دروستبکەن، کە بەژداربێت لە فراوانکردنی پانتایی پەیوەندیی ئەرێنی لە نێوان قوتابیاندا.

**بەشی یەکەم: چوارچێوەی گشتی توێژینەوە**

**یەکەم: گرفتی توێژینەوە:**

قوتابخانە، یەکێکە لەو دامەزراوانەی، کە لە ڕێگەی پرۆسەی بە کۆمەڵایەتیکردنەوە Socialization بەهای پەروەردەیی و ئەخلاقی بە قوتابیان دەبەخشێت. هەروەک دامەزراوەیەکیشە کۆمەڵگە بۆ پەروەردە و فێرکردنی تاکەکان دروستیکردوە، تا ببێتە ئەندامی بەسوود لەو کۆمەڵگایەدا. بەو پێیە، قوتابخانە ڕۆڵێکی گرنگی هەیە، کە کەمتر نییە لە خێزان و مزگەوت و دامەزراوەکانی دیکە. "دورکهایم" لای خۆیەوە بە وێستگەیەکی تەواوکەر بۆ پەروەردەکردنی کۆمەڵایەتی لە قەڵەم دەدات، بۆیە پێویستە ئەم دامەزراوەیە لە ئاست ئەو بەرپرسیارێتیە بێت، کە یاسا پێی سپاردوە. بەڵام وەک تێبینی دەکرێت، هەندێکجار قوتابخانە ناتوانێت ئەو ڕۆڵە گرنگانەی ئەنجامبدات، کە لێی چاوەڕواندەکرێت، بە هۆی وەرچەرخانی ژینگەکەی بۆ ژینگەیەکی دیکەی لەبار و هاندەر بۆ سەرهەڵدانی هەندێک دیاردەی کۆمەڵایەتی نەرێنی ئەوتۆ، کە بە جۆرێک لە توندوتیژی قوتابخانەیی دادەنرێت (شیحة، ٢٠١٧: ٥).

لەم ڕوانگەیەوە، دوورخستنەوەی کۆمەڵایەتی، بە یەکێک لە دیارترین چەمکەکانی دەروونناسی کۆمەڵایەتی دادەنرێت، کە گوزارشت لە بارودۆخی ئەو تاک و گروپە کۆمەڵایەتیانە دەکات، کاتێک بەژداری لە چالاکیە سەرەکیەکان ڕەتدەکەنەوە لە ناو ئەو کۆمەڵگەیەدا، کە تێیدا دەژین، دواجار بێبەشدەبن لە تێکەڵبوون بە بونیادی کۆمەڵگە و دەورووبەرەکەیان. هەروەک ئەم چەمکە لە ناوەڕۆکەکەیدا گوزارشت لە پرۆسەیەک و کردەیەکی کۆمەڵایەتی دەکات، کە میکانیزمێک دەیجولێنێت بە هۆیەوە نایەکسانی و نادادی لە نێوان ئەندامانی کۆمەڵگەیەک ئاشکرا دەکات. بێبەشیاندەکات لە چێژوەرگرتن لە خێروبێرەکانی ئەم کۆمەڵگەیە، هەربۆیە گرنگە کۆمەڵگەیەک دەستنیشانبکرێت بۆ بە دیارخستنی ڕوودانی لێکەوتەکانی دوورخستنەوەی کۆمەڵایەتی، چونکە لە هەمان کاتدا بابەتێکی ڕێژەییە.

گرفتی ئەم توێژینەوەیە، بریتیە لە دەستنیشانکردن و لێکۆڵینەوە لە دوورخستنەوەی کۆمەڵایەتی گەنجان (قوتابیانی قۆناغی ئامادەیی) و ئاشکراکردنی میکانیزم و هۆکارەکانی پشت ئەو دوورخستنەوەیەیان لە ژینگەی پەروەردەییدا، چونکە سروشت و هەستیاری قۆناغی خوێندنی (ئامادەیی) وا لە گەنجی (قوتابی) دەکات لە حاڵەتێکی گرژی و دڵەڕاوکێدا بێت، چونکە هەر بەپێی ئەو قۆناغەشەوەیە ئایندەی ئەکادیمی خۆی دیاریدەکات. ئایا دەچێتە زانکۆ یان نا؟ ئایا دەتوانێت خەونەکەی بەدیبهێنێت و ڕێچکە زانستیە پسپۆڕیەکەی هەڵبژێرێت؟ (الفتلاوی وعجرم،٢٠٢١ :٥٠) لێرەدا قوتابیەکە دەکەوێتە دۆخێکی دوورخستنەوە (یانیش خۆدوورخستنەوە) لە کەسانی دیکە، بە تایبەتی لە کاتی تاقیکردنەوەکاندا، چونکە هەموو هەوڵی بۆ بەدەستهێنانی بەرزترین نمرەی سەرکەوتن تەرخانکردوە، ئەم خاڵە سەرنجی توێژەری بۆ لای خۆی ڕاکێشا بۆ ئەوەی لێی بکۆڵێتەوە، بە تایبەتی، کە توێژەر خۆی ئەندامی دەستەی وانەوتنەوەیە، لە یەکێک لە

قوتابخانەکانی سنووری پەروەردەی شەقڵاوە و خوازیارە وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوەی دەستبکەویت:

١. ئایا قوتابیانی قۆناغی ئامادەیی هەست بە دوورخستنەوەی کۆمەڵایەتی دەکەن؟ ئەگەر هەست بە دوورخستنەوە دەکەن، ئەو هەستەیان لە چ ئاستێکدایە؟

٢. ئایا هیچ جیاوازیەک لە ئاستەکانی دوورخستنەوەی کۆمەڵایەتی لە نێوان قوتابیاندا هەیە بەپێی گۆڕاوەکانی (ڕەگەز، بەش، پۆلی خوێندن، ئاستی ئابووری خێزان، شوێنی نیشتەجێبوون)؟

**دووەم: گرنگی توێژینەوە:** لەم خاڵانەی خوارەوە کورتکراوەتەوە:

١. گرنگی زانستی ئەم توێژینەوەیە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، کە باس لە بابەتێکی ئاڵۆز دەکات، کە ئەویش دوورخستنەوەی کۆمەڵایەتیە لە ناو قوتابیانی قۆناغی ئامادەیی، بەو پێیەی دوورخستنەوەی کۆمەڵایەتی چەندین ڕەهەند و جۆری جیاوازی هەیە، چ خۆویستانە بێت، یان بە زۆرەملێ. هەروەها بوارەکانی وەک: تەمەن، چین و توێژی جیاجیا، ئاستی کۆمەڵایەتی و کولتوری جیاواز لەخۆدەگرێت، بۆیە چارەسەرکردنی بابەتێکی لەم جۆرە ئاسان نییە، بەڵکو بەندە بە هۆکاری جیاواز و کاریگەری لێکەوتەکان و گرفتە دوورمەوداکان، کە زیان بە کۆمەڵگا و تاکەکان بە گشتی دەگەیەنن.

٢. بابەتی ئەم توێژینەوەیە (دوورخستنەوەی کۆمەڵایەتیی گەنجان) ئیتر هەر جۆرێکی بێت، بە شێوەیەکی هەڕەمەکی یان بەبێ هۆکار سەریهەڵنەداوە، بەڵکو هۆکار و فاکتەرە بابەتیەکانی خۆی هەیە، بۆیە زانینی هۆکار و ڕەگ و ڕیشەی ئەم دیاردەیە بۆ دیاریکردنی ڕێگاکانی ڕووبەڕووبوونەوەی بە پێویست دەزانرێت، کە کارێکی لە ڕادەبەدەر گرنگە بۆ ئەوەی لە ڕێگەی دارشتنی یاسا و دەرکردنی ڕێککارەکانەوە ڕێگری لە بڵاوبوونەوەی بکرێت لە ناو کۆمەڵگەدا.

٣. گرنگیەکی تری ئەم توێژینەوەیە لە چاودێریکردنی ئەو پێنوێن و دەرکەوتە نەرێنیانەی پرۆسەی دوورخستنەوەی کۆمەڵایەتی و کارکردن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دەردەکەوێت و چارەسەرکردنیان بە ئاراستەکردنی کۆمەڵگە و ئەندامەکانیەتی بەرەو یەکگرتن و لەخۆگرتن، ڕێگریکردن لە پارچەبوون و زیاتر دابەشبوون.

**سێیەم: ئامانجەکانی توێژینەوە:** ئامانجی توێژەر لەم توێژینەوەیەدا بریتیە لە:

**١.** زانینی ئاستی دوورخستنەوەی کۆمەڵایەتیی قوتابیانی قۆناغی ئامادەیی بە گشتی.

**٢.** زانینی ئاستەکانی هەستکردن بە دوورخستنەوەی کۆمەڵایەتی لە ناو قوتابیاندا بەپێی گۆڕاوەکانی (ڕەگەز، بەش، پۆلی خوێندن، ئاستی ئابووری خێزان، شوێنی نیشتەجێبوون).

**چوارەم: چەمکە بنەڕەتیەکانی توێژینەوە:**

١. دوورخستنەوەی کۆمەڵایەتی:

هەرچەندە پێناسە زانستیەکان بۆ "دوورخستنەوەی کۆمەڵایەتی" وەک چەمکێک جیاوازن، بەڵام بە گشتی هەمویان کۆکن لەسەر ئەوەی "دوورخستنەوەی کۆمەڵایەتی" بە واتای "دەرکردنی تاکە بۆ دەرەوەی سیستمی ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و کولتوری، بە شێوەیەک، کە کەس

بە یەکێک لە پێکهاتە سەرەکیەکانی بنیادی کۆمەڵایەتی نەزانێت، جا چی لە ڕووی سیاسی یان ئابووری یان کولتورییەوە بێت" (الدیب ومحمد،٢٠١٥: ٢١٥).

ئەگەرچی "دوورخستنەوەی کۆمەڵایەتی" وەک زاراوەیەک مشتومڕی زۆری لەسەرە، بەڵام دەتوانرێت شوێنپێیە مێژووییەکەی بدۆزرێتەوە، بە گەڕانەوە و ئاماژەدان بە زانای ئەڵمانی ماکس ویبەر (M. Weber) (١٨٦٤-١٩٢٠). کاتێک وەک یەکێک لە شێوەکانی داخستنی کۆمەڵایەتی پێناسەی کردوە، ئەو وایدەبینێت "داخستنی پەیوەست بە دوورخستنەوە بریتیە لە هەوڵێک لە لایەن تاکێک یان گروپێکەوە بۆ دەستەبەرکردنی پێگەیەکی دیار بۆ خۆی لەسەر حیسابی تاک یان گروپێکی تر لە ڕێگەی بە زۆر ملکەچپێکردن و بە شێوەیەکی ستەمکارانە (هیلز و هاوکارانی، ٢٠٠٧: ٢٤).

پێناسەی کرداری ئەم چەمکە بریتیە لە وەڵامدەرەوەیەکی هەڵچوونی ئەوتۆیە، کاتێک گەنج (قوتابی) هەست بە دوورخستنەوە و پەراوێزخستن دەکات لە ئەنجامی نەگەیشتنی بە بڕێکی گونجاو لە پێداویستیە سەرەکیەکانی لەسەر ئاستی دەروونی، کۆمەڵایەتی، پەروەردەیی، ڕۆشنبیری، سیاسی، ئابووری و تەندروستی، کە بە هۆیانەوە ڕەزامەندی و تێربوونی خۆی بەدەستدەهێنێت، لەخۆدەگرێت. ئەمەش وا دەکات، ڕەنگە نەتوانێت لە ئاییندەدا ئامانج و خواستە سەرەکیەکانی بەدەستبهێنێت.

لەگەڵ ئەوەشدا، توێژەر پێناسەی یەکێتی ئەوروپا پەسەند دەکات کە لە ساڵی ٢٠٠٣ دا دوورخستنەوەی کۆمەڵایەتی بە جۆرێک پێناسە کردوە، کە بریتیە لە "بێتوانایی تاکەکانی کۆمەڵگە لە بەکارهێنانی مافە کۆمەڵایەتیەکانیان و دروستبوونی بەربەست لە بەردەم بەژداریکردنیان لەو دەرفەتە کۆمەڵایەتی و پیشەییانەی لە کۆمەڵگاکانیاندا فەراهەم دەبن"(Silver.H and Miller.S,M 2003:8). لە ئەنجامیشدا ڕووبەڕووی چەند جۆرە شێوازێکی جیاوازی دوورخستنەوە و پەراوێزخستن و گۆشەگیری دەبنەوە، کە ئەمەش هەژار و بێبەشییان زیاتر دەکات. لەم ڕووەوە الحریری (٢٠١٣) جەخت لەوە دەکاتەوە کە "دوورخستنەوەی کۆمەڵایەتی" وەکو چەمک وەکو زاراوەش لە خودی خۆیدا زۆرێک لە واتا و چەمکی لاوەکی لەخۆگرتوە وەک: وەدەرنان، پەراوێزخستن، هەژاری، بێبەشکردن، تەنیاخستن، داخستن، کەنارخستن، نامۆبوون... (الحریری، ٢٠١٣: ٨).

**پێناسەی کرداری دوورخستنەوەی کۆمەڵایەتی:** بریتیە لەو کۆنمرەیەی کە لێتوێژەرەوانی نموونەی توێژینەوە بەدەستیدێنن لەسەر پێوەری ئامادەکراو بۆ پێوانەکردنی ئاستەکانی دوورخستنەوەی کۆمەڵایەتی.

٢. گەنج:

پێدەچێت ڕێککەوتنێکی گشتگیر و چەسپاو لەنێوان توێژەراندا نەبێت لەبارەی پێناسەکردنی چەمکی "گەنج" و دیاریکردنی قۆناغی گەنجێتی. هەروەک لەسەر ئەوەش کە بە کێ دەگوترێت گەنج، یاخود گەنجێتی لە چ ساڵێکەوە دەستپێدەکات و لە چ ساڵێکیش کۆتایی دێت، کۆک نین. لەبەرئەوەی ئەو چەمکەش وەک سەرجەم چەمکە کۆمەڵایەتیەکانی تر، ئاماژە و واتای هەمەجۆری هەیە. هاوکات دیاریکردنی سەرەتا و کۆتایی ئەو قۆناغەش کە بە گەنجێتی ناسراوە،

لە تاکێکەوە بۆ یەکێکی دی، لە نێوان ڕەگەز و کولتورە جیاوازەکاندا، دیسان جیاوازە (خواجة وهاوکارانی، ١٩٩٩: ٢٥٨ – ٢٥٩).

ڕەنگە تویژەران لە دیاریکردنی قۆناغی گەنجێتی لە ڕووی تەمەنەوە دوور بن لە بابەتیبوون، ئەویش بەهۆی سروشت و ماک و تایبەتمەندیەکانی خودی ئەو چەمک و قۆناغی تەمەنەوەیە (إبراهيم، ١٩٧٨: ٢٠). هەربۆیەش هەر یەکەیان هەوڵیانداوە، لە گۆشەنیگا و پیوەرێکەوە پێناسەی گەنج وەک چەمک بکەن، لە هەمان کاتدا قۆناغی گەنجێتی و مۆرک و تایبەتمەندیەکانیان دیارییبکەن. بۆیەش هەوڵەکانیان بۆ ئەم مەبەستە لە نێوان چەند ئاراستە و پیوەرێکدا دابەشبوون. لەو ناوەندەشدا بۆچوونگەلێک هەن، پێیانوایە، گەنجێتی گوزارشتە لە قۆناغ و چەند ساڵێکی دیاریکراوی تەمەن. هەروەک بەپێی پێناسەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیش گەنجان کەسانێکن کە تەمەنیان لە نێوان (١٥–٢٤) ساڵیدایە. بەڵام بەڕێژەی جیاواز لە وڵاتێکەوە بۆ یەکێکی دی. ئەمەش بەپێی جیاوازی ڕەوشی کۆمەڵایەتی و ئابووری و کولتوری و سیاسی و دامەزراوەیی وڵاتان لەیەکتریەوە (الأمم المتحدة،٢٠١٥ :١).

بە شێوەیەکی گشتی، گەنجێتی قۆناغێکی تەمەنە، لە نێوان قۆناغی هەرزەکاریی و پێگەیشتندا (B. von. H. Gilmer. 1975:180). بە بۆچوونی سعد جلال (١٩٧٤) ئەم قۆناغە دابەش دەبێت بۆ قۆناغی گەنجێتی بەرایی (الفتوة) بە واتا لە تەمەنی خۆناسینەوە تا 21 ساڵی، دوای ئەویش قۆناغی گەنجێتی دووەم و کۆتایی لە تەمەنی (21 – 30) ساڵی درێژە دەکێشێت (جلال، ١٩٧٤: ٢٨).

بۆیە دەکرێت، سەرجەم ئەو پیوەرانە، جگە لە پیوەری تەمەن، بەسەر قوتابیانی قۆناغی ئامادەییدا جێبەجێدەبن. بەڵام ئەوەی ئەمان لە توێژی گەنجان بە گشتی جیادەکاتەوە ئەوەیە، کە سەر بە سیستەمێکی فێرکاری دیاریکراون و ئامادەدەکرێن تا پلە و پایەیەکی کۆمەڵایەتی دیاریکراویان هەبێت، لە هەمانکاتیشدا چاوکراوەتر و خۆڕاگرترین توێژن بەرامبەر تەنگ و چەڵەمە و کێشەکانی دەوروبەر و کۆمەڵگە (جلالة، ٢٠٠٦: ٥٢).

کەواتە، کۆدەنگیەک لەسەر ئەوەی هەیە ، کە سەرەتا و کۆتایی گەنجێتی وەک قۆناغێکی تەمەن، بەندە بە سروشتی ئەو ڕەوشە کۆمەڵایەتی و ئابووری و کولتوریانەی کۆمەڵگە پیایاندا گوزەردەکات، هەربۆیەش گونجاوترین پیناسە بۆ گەنج و قۆناغی گەنجێتی ئەو پێناسەیەیە، کە هەموو ڕەهەندەکانی وەک بایۆلۆژی و دەروونی و کۆمەڵایەتی و کولتوری لەخۆدەگرێت (خواجة و هاوکارانی، ١٩٩٩: ٢٦٠). جا لەبەرئەوەی گەنجان وەک توێژێکی گرنگ و کارای هەر کۆمەڵگەیەک خاوەن ماک و تایبەتمەندێتی تایبەتن لەبەرئەوەی لە ڕووی جەستەییەوە وزە و هێزێکی بەتین و گوورِی کارکردن و بەرگەگرتنیان هەیە. لە ڕووی دەروونیشەوە توێژێکی ئارەزوومەند و هیواخوازن و کارەکتەری بەردەوامی مەیدانی کارکردنی خۆبەخشی و پێشکەوتنن

لەکۆمەڵگەدا، لە باری کومەڵایەتیشدا خولیای تێکەڵبوونن، هاوکات ئارەزوی گەیشتن بە رۆڵ و پێگەی باڵای دیاریکراو دەکەن، لەو ئاستانەی سەرەوەدا (عزیز، ٢٠٠٦ :٢٦).

بۆیە چەمکی "گەنج" کە لەم توێژینەوەیەدا باسکراوە مەبەست لێی: ئەو توێژە چالاک و فراوانەی قوتابیان دەگرێتەوە، کە لە قۆناغی خوێندنی ئامادەییدان و بەردەوامن لەسەر خوێندنەکەیان و تەمەنیان لە نێوان (١٦-٢٤) ساڵیدایە و لە هەرێمی کوردستان نیشتەجێن.

**بەشی دووەم: چوارچێوەی تیۆری توێژینەوە**

**یەکەم: تیۆرەکانی دوورخستنەوەی کۆمەڵایەتی**

بەو پێیەی ئەم بابەتە رەهەندێکی دەروونی و کۆمەڵایەتی هەیە. بۆیە توێژەر لە پێناو روونکردنەوەی ئەم رەهەندە لەرووی تیۆریەوە، پوختەی دوو تیۆری بە ناوبانگ دەخاتەبەرچاو، بەم شێوەیەی خوارەوە:

١. تیۆری رەتکردنەوەی کۆمەڵایەتی: Social Reject theory

"**دەیڤید باس**"(Buss,1962)[١] کە بە پێشەوای تیۆری رەتکردنەوەی کۆمەڵایەتی ناسراوە، ئەو راستیە پشتراست دەکاتەوە، فشارەکانی سەر تاک هەمیشە وەک ئاگادارکەرەوەیەکی ئازاربەخش وان، کە تاک لە هەلومەرجی جیاوازدا رووبەروویان دەبێتەوە، لە ناو ئەو فشارانەشەدا ئەو جۆرە فشارانە بەدیدەکرێت، کە دەبنەمایەی بێهیواکردن و رێگری لە وەلامدانەوە دەکەن. لەم رووەوە بێبەشکردن و لەدەستدان لە جۆری ئەو فشارە نادیارانەن، تاک لە ژیانی رۆژانەیدا ئەزموونیان دەکات. هەروەها **باس** (١٩٩٥) پێیوایە، جۆرێکی تایبەت لە ئاگادارکەرە ئازاربەخشەکان هەیە، لە نموونەی رەتکردنەوەی کۆمەڵایەتی (دوورخستنەوە) و هەرەشەکردن، بۆیە لای خۆیەوە گرنگی زۆری بەم ئاگادارکەرەوانە داوە، جا بە شێوەیەکی زارەکی یان رەفتار روویاندابێت و بە فاکتەرێکی کاریگەری زانیوە (Buss,1995: 189).

بە بۆچوونی **باس** و **واری** (٢٠٠٠) دەشێت رەتکردنەوە چەندین شێوەی هەبێت، لەوانە:

١) رەتکردنەوەی روون و ئاشکرا: ئەمەش بە واتای رووبەڕووبوونەوەی راستەوخۆی دۆخەکە، وەک ناچارکردنی تاکێک بۆ جێهێشتنی شوێنەکە لە بەردەم کەسانی دیکەدا.

٢) رەتکردنەوەی ناڕاستەوخۆی زارەکی: بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ روودەدات و لە لایەن تاکەوە هەستپێدەکرێت بە تایبەتی لەو بارودۆخانەدا، کە رووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ دەبێت، وەک گاڵتەپێکردن لە لایەن کەسانی دیکەوە، یان بوونەمایەی گاڵتەجاڕی کە بە هۆیەوە تاک هەست بە کەمی خودی خۆی و بەگەورەزانینی بەرامبەرەکەی دەکات.

٣) رەخنە: تاک لە ماوەی ژیانیدا دەکەوێتەبەر زنجیرەیەک رەخنە، وەک رەخنەی دایک و باوک یان مامۆستا بە شێوەیەکی توند، کە ئەمانەش بارودۆخێکی لە بیرنەکراون، جا رەنگە رەخنەکە لەسەر رواڵەت، یان جلوبەرگ، یان شێوازی قسەکردن بێت، هەموو ئەمانە دەبنە هۆی بچووککردنەوەی پێگەی تاک.

٤) هەڕەشە: لە بارودۆخی زارەکی خۆی دەنوێنێت، وەک ئەوەی دایک و باوک (مامۆستایان) هەڕەشە لە منداڵەکانیان (قوتابیان) دەکەن بە لێدان و سزادانیان، بۆیە هەڕەشەکردن بە هۆکارێک بۆ ترساندن وەیان تۆقاندن دادەنرێت. ئەمەش جگە لەوەی کە لەو جۆرە بارودۆخانەدا قورسە بۆ تاک بۆئەوەی ڕووبەڕوویانبێتەوە، یان وەڵامدانەوەی وەک خۆی بۆیان هەبێت، چونکە ئەو بوێریەی تێدا نییە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ، بۆیە کاتێک ڕووبەڕووی جۆرێک لە شەڕانگێزی دەبێتەوە، لەوانەیە ببێتە هۆی ڕووبەڕووبوونەوە و شەڕکردن، یانیش هەڵاتن و کشانەوە (Buss and Warre:2000: 36).

بەم پێیە ئەو ڕووداوانەی کە لە شێوەی هێرشێکدا بۆ سەر تاک دروست دەبێت، بە هۆی ئەوەی سروشتێکی شەڕانگێزانەیان هەیە، دەچنە چوارچێوەی دەستدرێژیکردن، بە واتایەکی دیکە، ئەو ڕووداوانەی لە هێرشەکە دەکەوێتەوە، وەک لێدانی توند و کاریگەر، بە جۆرێک کەسەکە نەتوانێت ڕزگاری بێت، یان خۆی لێی دووربخاتەوە. ئەوانەن، کە دەبنە هۆی دوژمنایەتیکردن زیاتر لەوەی کە بە هۆکاری بێهیوابوونەوە سەری بۆ دەکێشێت. هەربۆیە **باس** (1961) پێیوایە، دوژمنایەتیکردن لە ئەنجامی ئەو سزایانەی دروست دەبێت، کۆمەڵگە بەسەر کەسێکدا دەیسەپێنێت. لەگەڵ ئەوەش ئارەزووی ئازاردانی کەسانی دیکەش دەکات. ئەو کەسەی شەڕانگێزە، ماوەیەکی زۆر بەسەردەبات بۆ پێداچوونەوە بەو ئازارانەی کە خۆی تووشی بووە لەسەر دەستی ئەوانی دیکە. وەک ئەو ڕەتکردنەوە و دوورخستنەوەیەی بە دەستیەوە دەناڵێنێت، ئەو بێبەشبوونەی، کە ئەوانی دیکە بەسەریدا سەپاندویانە (Buss,1961:18).

لەبەر ئەمە کاریگەریە نەرێنیەکانی فشارەکان زیاتر دەبن، کاتێک تاک هەست بە نەبوونی دادپەروەری کۆمەڵایەتی دەکات، بە تایبەتی کاتێک تاک خۆی بەراورد دەکات لەگەڵ تاکەکانی هاوشێوەی خۆی لەناو کۆمەڵگەدا. ئەو کاتەش تاک وا خۆی دەبینێتەوە، کە بە کۆمەڵێک لە فشارەکان دەورەدراوە، لە هەمان کاتیشدا دەبینێت، ئەندامانی دیکەی کۆمەڵگە بەدەست ئەو فشارانەوە ناناڵێنن، ئەمەش دەبێتە هۆی زیادبوونی بەرکەوتەی لەگەڵ دەرهاویشتە نەرێنیەکانی ئەو فشارانە (Brezina,1992:47). لەگەڵ ئەمەشدا هەستکردنی تاک بە نەبوونی دادپەروەری کۆمەڵایەتی وا دەکات، زۆرێک لەو هەست و سۆزە نەرێنیانەی ژیان تاقیبکاتەوە، کە دواجار ڕووبەڕووی زۆرێک لە گرفتی کۆمەڵایەتی دەکاتەوە، لەکۆتاییشدا ڕایدەکێشێت بۆ نواندنی ڕەفتارێکی توندوتیژ یان لادەرانە. دیارە ئەمەش وەک ئامرازێک بۆ کەمکردنەوەی کاریگەری ئەم جۆرە هەستانە پەنای بۆ دەبات (Agnew,1983:439). لەم چوارچێوەیەدا، گرنگترین ئەو هەستە نەرێنیانە بریتین لە: هەستکردن بە نائومێدی، ترس، شکست، دۆڕان و دوورخستنەوە (Agnew,1996:69). کە لە ڕێگەی ڕەفتاری تورەیی، بێزاریی، نارەزایەتی، یاخیبووندا

دەردەکەون و تاک دەریاندەبڕێت. بێگومان ئەم جۆرە هەستکردنانە لە ئەنجامی ئەو فشارانەوەن، کە گەنجان لە کۆمەڵگە هاوچەرخەکاندا بەدەستیانەوە دەناڵێنن (Agnew,1992:52).

بەم شێوەیە، ڕەتکردنەوەی کۆمەڵایەتی (دوورخستنەوە) زۆرجار بەرپرسیارە لە جۆرێک لە دوژمنایەتی بەرامبەر بە کۆمەڵگە، تەنانەت تا ئەو ڕادەیەی، کە تاک ئامادەی خیانەتکردنە لە کۆمەڵگاکەی، بۆیە هەمیشە تاک و گروپە پەراوێزخراو و دوورخراوەکان وەک درزێک وان، کە هەمیشە جێگەی سەرنجی ئەو کەسانەن، هەوڵی شەقکردنی کۆمەڵگە دەدەن بە مەبەستی کاری تێکدەرانە (النابلسي، ٢٠٠٤: ١).


کەواتە، دوورخستنەوەی کۆمەڵایەتی لە ئەنجامی بێبەشکردنێکی هەمەلایەنەی ئەو تاک و گروپانەیە، بەرێگریکردن لە بەژداریکردنیان بە شێوەیەکی تەواو لە بزاوتەکانی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی ئەو کۆمەڵگەیەی تێیدا دەژین، بێبەشکردنیشیانە لە ئەگەری دارشتنی هەر جۆرە بەشداریکردنێکیانە لە داهاتوودا (أبو النصر،٢٠١٢: ٢٢).

بە شێوەیەکی گشتی ڕوانگە تیۆریەکانی سەر بەم تیۆرە، ئاماژە بەوە دەدەن، کە دیاردەی دوورخستنەوەی کۆمەڵایەتی لە قوتابخانەکاندا، دەکرێت هۆکارەکەی بۆ ئەو جۆرە ڕەفتارانە بگەڕێتەوە، کە پەیوەستە بە جیاوازی ڕەگەزی، پێگەی کۆمەڵایەتی، ئاستی ئابووری خێزان، ڕەوشی چینایەتی لە ناو کۆمەڵگەدا. بە بۆچوونی توێژەر ناوەرۆکی ئەم تیۆرە، بۆمان ڕووندەکاتەوە، کە ڕەنگە کردەی ڕەتکردنەوە یەکێک بێت لەو میکانیزمانەی کە دوورخستنەوەی کۆمەڵایەتی بەرهەم دێنێت لە ناو ژینگەی پەروەردەییدا بە تایبەتی لە ناو قوتابیاندا. بەو پێیەی، کە ڕەنگە دوورخستنەوەی کۆمەڵایەتی ڕووێکی دیکەی ئەم ڕەتکردنەوەیە بێت.

٢. تیۆری پێداویستیەکان:

پلەبەندی پێداویستیەکان، یان قوچەکەکەی **ماسلۆ** (Maslow’s hierarchy)، تیۆرێکی دەروونیە، لە لایەن دەروونزانی ئەمریکی (ئەبراهام ماسلۆ) (١٩٠٨ –١٩٧٠) پێشکەش کراوە، لەدوو توێی توێژینەوەیەکی خۆیدا بە ناوی تیۆری "پاڵنەرەکانی مرۆڤ" کە لە ساڵی ١٩٤٣دا لە گۆڤاری زانستی "المراجعة النفسية" بڵاوکردۆتەوە، پاشان بیرۆکەکەی فراوانترکرد.

پوختەی ئەم تیۆرە ئەوەیە کە "هەموو مرۆڤێک هەوڵی تێرکردنی پێویستیەکانی دەدات، ئەم پێویستیانەش لە ڕێگەی پاڵنەرەکانەوە دروستدەبێت، واتا، هەر پێویستیەک پاڵنەرێک دروستیدەکات"(عزیز،٢٠٢٢ :٣٤).



وێنەی- 1- قوچەکی ماسلۆ بۆ پێداویستیەکان نیشان دەدات

لە گرنگترین ئەم پێداویستیانە پێویستیە بۆ: خواردن و خواردنەوە، جلوبەرگ، هاوسەرگیری، ئاسایش، و هەستکردن بە ئەندامبوون (ئینتیما) و ڕێز و قەدرگرتن، خوێندن و فێرکردن، پێگەیاندنی پیشەیی، تەندروستی جەستەیی و دەروونی، چەندین پێداویستی دیکە، کە کوالێتی ژیانی مرۆڤ بەندە بەتێرکردنی ئەو پێداویستیانە. بەبێ ئەوانە، ئەستەمە بتوانێت بە باشی گەشەبکات، چونکە پێداویستیەکان بزوێنەری سەرەکی چالاکیەکانی مرۆڤن و فاکتەری توانا و هەوڵەکانێتی، بۆ ئەوەی پێداویستیەکانی تێربکات. لەم ڕوانگەیەوە، **ماسلۆ** پێیوایە، هەر مرۆڤێک کە لە دایک دەبێت دنەدراوە بۆ تێرکردن و گەیشتنی بە **پێداویستیە سەرەتاییەکان و پێداویستیەکانی گەشە**، ئەم پێداویستیانەش لە پلەبەندیەکدا ڕێکخراون کە لە سەرەتاییترین پێداویستیەکانی مرۆڤەوە دەستپێدەکات، بە پێویستی تاک بۆ بەدەستهێنانی خود کۆتایی دێت (بڕوانە وێنەی ژمارە ١).

- پێداویستیە سەرەتاییەکان: Basic Needs

١. **پێداویستیە فسیۆلۆژیەکان:** وەکو خواردن، خواردنەوە، پاراستن لە سەرما و گەرما، ڕەمەکی سێکسی، بەواتا، پێویستیە سەرەکیەکان دەگرێتەوە، کە مانەوە و بەردەوامی مرۆڤ مسۆگەر دەکات و بەبێ تێرکردنیان ژیان بەردەوام نابێت (عزیز، ٢٠٢٢: ٣٥).

٢. **پێداویستیەکانی ئاسایش و پاراستن:** دوای تێرکردنی پێداویستی قۆناغی یەکەمی پێداویستیەکان دێت. ئەمەش کۆمەڵێک پێداویستین پەیوەندیان بە پارێزگاریکردن لە دۆخی ئێستاکەدا هەیە و گەرەنتی جۆری سیستەم و پاراستنی ماددی و مەعنەوی دەکات، نموونە وەک پێویستی هەستکردن بە هەبوونی پاراستن و ئاسایش.

٣. **پێداویستیە کۆمەڵایەتیەکان (خۆشەویستی و هەستکردن بە ئەندامبوون):** بریتین لە کۆمەڵێک پێداویستی کۆمەڵایەتی ئاڕاستەکراو، وەک پێویستی پەیوەستبوون لەگەڵ کەسێکی دیکە، پێویستی تاک بۆ ئەندامێتی گروپێکی ڕێکخراو، و پێویستی بۆ ژینگەیەک و چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتی ئەوتۆ، کە تاک هەست بە ئاشنابوون دەکات، وەک خێزان یان کۆمەڵێک هەڤاڵ و گروپی گەڕەک کە مەبەست لێی نواندنی چالاکیی کۆمەڵایەتیە (الحايس،٢٠٢٠: ٤).

بەم پێیە، هەڵسوکەوتی مامۆستا لەگەڵ قوتابی و جیاکاریکردن یان لاگیریکردن، کاریگەری نەرێنی لەسەر ڕەفتار و دەروونی قوتابی دروستدەکات. جا ڕەنگە، ئەم جیاکاریە لەسەر بنەمای پەیوەندیی کۆمەڵایەتی، ئابووری، یان لەسەر بنەمای پەیوەندیی کولتوری و زانستی، یان لەسەر بنەمای ڕەگەز بێت (عزیز، ٢٠٢٢: ٣٥).

٤. **پێداویستیەکانی ڕێزگرتن و دانپیانان:** بەلای **ماسلۆ** ئەم جۆرە پێویستیە، دوو لایەنی هەیە:

أ. لایەنێک کە پەیوەندی بە ڕێزگرتنی خود یان بەهای خودەوە هەیە.

ب. ئەوی تریان پەیوەندی بە پێویستی بەدەستهێنانی ڕێز لە دەرەوە هەیە. ئەمەش ئەو پێویستیانە لەخۆدەگرێت، کە پێویستن بۆ بەدەستهێنانی ڕێزی کەسانی دیکە، سەرکەوتن، پێگەی بە ناوبانگ (Ashwarya and Renu 2017: 940).

- **پێداویستیەکانی گەشەکردن: Growth Needs**

جیلبەرت (١٩٩٧) پێیوایە، پوختەی ئەم جۆرە پێداویستیانە لە دیدی "ماسلۆ" بریتین لە:

٥. **پێداویستی مەعریفی:** پێویستی گەڕان و زانین و تێگەیشتن لەخۆدەگرێت. **ماسلۆ** جەختی لە گرنگیەکەی لە مرۆڤدا کردۆتەوە، پێیوایە، ئەمە پێویستیەکی پلەبەند و لەسەرخۆیە، لەنزمترین ئاستەکانەوە دەستپێدەکات تا دەگاتە پێویستی ناسینی جیهان.

٦. **پێداویستیە جوانناسیەکان:** ئەوانەن کاتێک تاک ناتوانێت لە بەرامبەر دۆخی شلەژان و ئاژاوە و کردەوەی ناشیرین خۆی بگرێت، بەڵکو ئارەزوی دۆخێکی ڕێکخراو هاوئاهەنگی دەکات. لابردنی ئەو گرژیی و ئاڵۆزیە، بە پێویست دەزانێت، کە لە چوارچێوەی کارێکی ناتەواو یان سیستمێکەوە سەرهەڵدەدات.

٧. **پێداویستی بەدیهێنانی خود:** لەم نێوانەدا، **ماسلۆ** باسی کۆمەڵێک پێویستی یان پاڵنەرە باڵاکان دەکات، کە مرۆڤ ناتوانێت بەدیانبێنێت، تاوەکو خۆی بە تەواوی تێرنەکات، لە پڕکردنەوەی پێویستیەکانی پێشووتری لە ئاستەکانی خوارەوە، وەک پێداویستیە نزمەکان. لێرەدا مرۆڤ پێویستی بە هەموو توانا و بەهرەکانیەتی و هەموو کارامەییە شاراوەکانی بخاتەگەر و پەرەی پێبدات، تا ئەوپەڕی توانا. بۆیە بەدیهێنانی خود(تحقيق الذات) بریتیە لە هەوڵدان و هەنگاونان بەرەو بەها و ئامانجە باڵاکان، وەک ئاشکراکردنی ڕاستیەکان، دروستکردنی جوانی و دووپاتکردنەوەی دادپەروەری(Gilbert,1997:147).

"**ماسلۆ**" سێ هۆکاری دیاریکردوە بە هۆیەوە تاک هەست بە دڵنیانەبوون و شڵەژان دەکات:

١. هەستکردنی تاک بە ڕەتکردنەوە، بەوەی کە کەسێکی نەخوازراوە (دوورخراوەیە) و هەموو ئەوانی دیکە بە دڕندەیی و سووکایەتییەوە هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکەن.

٢. هەستکردنی تاک بەوەی، کە جیهان هەمیشە شوێنی هەڕەشە و ترس و دڵەڕاوکێیە.

٣. هەستکردنی تاک بە تەنیایی و گۆشەگیری. لەم سۆنگەیەوە، ماسلۆ کەسی نەپارێزراو وەک کەسێک وەسفدەکات، کە بەدەست دوورخستنەوەی کۆمەڵایەتی و گۆشەگیری و تەنیاییەوە دەناڵێنێت. پێیوایە، جیهان سەرچاوەی هەڕەشەیە (الدليم، ١٩٩٣: ٧).

لەم سۆنگەیەوە، الرحماني (٢٠١٨) پێیوایە، قوتابخانە وەک دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی ژمارەیەک قوتابی لەخۆدەگرێت، هەریەکەیان ئەزموونی جیاوازیان هەیە، لەگەڵ بوونی جیاوازی دیکەی هەمەجۆر لە نێوانیاندا، کاردەکات وەک "**بۆردیۆ**" دەڵێت: بۆ دابەشکردنیان بەسەر چەند چین و توێژی جیاجیادا، هەر ئەمەش وایکردوە، بەشێکیان ڕووبەڕووی گیروگرفت ببنەوە، چ لە لایەن مامۆستایانەوە، چ لە لایەن هاوەڵەکانیانەوە لە قۆناغە جیاوازەکاندا بە هۆی ئەو کارلێککانەی کە لە نێوانیاندا ڕوودەدەن. لە ئەنجامی جیاوازیەکانیان لەگەڵ کەسانی دیکە لە ڕووی کۆمەڵایەتی

و ئابووریدا، ئیتر لەوکاتەدا دووردەخرێنەوە یان جیاکاریان لەگەڵ دەکرێت و لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە بێبەش دەکرێن لە بەژداریکردن لە هەندێک بۆنە و چالاکیدا لە لایەن مامۆستاکانیان یان هاوڵەکانیانەوە. ئەمەش چونکە ئەوان (قوتابیە دوورخراوەکان) سەر بەو کەس و گروپانەن کە لە ڕیزبەندی خوارەوەی کۆمەڵگە دەژمێردرێن، ڕەنگە ئەمەش بەهۆی کەمی یان نەبوونی داهاتی خێزانەکانیانەوە بێت، کە ناتوانن پێداویستە سەرەکیەکانی قوتابخانە پڕبکەنەوە. یان ڕەنگە ئەو قوتابیانە دووردەخرێنەوە، چونکە پێوەرەکانیان جیاوازە لەگەڵیاندا، جا ڕەنگە لە زۆر حاڵەتی دیکەشدا ئەو دوورخستنەوەیە ڕوودبدات، بۆ نموونە: بوونی تایبەتمەندیەکی دیاریکراو کە جیای دەکاتەوە لەوانی دیکە، وەک هەژاری، ژیانکردن لە گەڕەکێکی هەژارنشین، نزمی ئاستی خوێندەواری و هۆکاری دیکە، بۆیە لە ئەنجامی ئەم کردارە لەسەر قوتابیان جێبەجێدەبێت، ئەوا قوتابیان هەستدەکەن لە پەیوەندیەکی نادادپەروەرانەی زۆرینەی دەسەڵاتدار ئیستغلالدەکرێن، کە لە زۆر ڕووەوە نایەکسانن، هەروەک ئەو بێبەشکردن و نایەکسانیانەی ڕووبەڕووی بوونەتەوە. نادادپەروەر و جیاکاریە بەرامبەریان، جا بۆ ئەوەی ڕزگاریان بێت لەم دۆخەی تێیکەوتوون، زۆربەی کات دەکەونە هەڵپەی ئەنجامدانی ڕەفتاری توندوتیژ، ئەمەش وەک گوزارشتکردنیان بۆ ئەم ڕەتکردنەوە و دوورخستنەوەیان (الرحماني ومحمد،٢٠١٨: ٢٨-٢٩).

لای خۆیەوە دافیدۆف (١٩٨٣)، ئاماژەی بەوەداوە، کە **(ماسلۆ)** لە تیۆریەکەیدا زۆر جەخت لەسەر گرنگی پێداویستیە کۆمەڵایەتیەکانی لە مەڕ ڕێزگرتن، خۆشەویستی و بە ئەندامبوون، دەکاتەوە، چونکە مرۆڤ، وەک **ماسلۆ** پێیوایە، بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتیە و ناتوانێت بەبێ ئەوانی دیکە هەڵبکات. بۆیە بەردەوام لە کارلێککردنە لەگەڵیان و هەمیشە لە پەیوەندی دایە، ئەمەش لەپێناو ئەوەی لایەنی کۆمەڵایەتی و سروشتی مرۆیی خۆی پشتڕاستبکاتەوە و لە ئەگەری پچڕانی پەیوەندی و گۆشەگیری و کارلێککردن لە نێوان خۆی و ئەوانی دیکەدا، هەست بە خەمۆکی و دڵەڕاوکێ و گرژی دەکات و تێکدەچێت و دەشێوێت، تەنانەت یاخیش دەبێت. هەروەها ئەو کەسانەی هەست بە دوورخستنەوە لە لایەن ئەندامانی کۆمەڵگاکەیانەوە دەکەن، هەست بە ڕەتکردنەوەی کۆمەڵایەتی دەکەن، ناتوانن بخەون و تەندروستی خۆیان پشتگوێدەخەن و بێ ئامانج دەژین (دافیدوف، ١٩٨٣: ٤٣١).

هاوتەریب لەگەڵ ئەوەی سەرەوەدا، توێژەر پێیوایە، تیۆری پێداویستیەکان، دیدێکی زانستی واقیعبینانەتر و لۆژیکیانەتر لەبارەی هەستی دوورخستنەوەی کۆمەڵایەتی و ئەو ئازار و لێکەوتانەی وەک گلەیی، تووڕەیی و نارەزایی، دوژمنایەتی، هەستکردن بە نامۆبوون، کەمتەرخەمی، خۆبەکەمزانین دەخاتەڕوو. بە جۆرێک شیکار و دیدگاکانی ئەم تیۆرە لەگەڵ ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە یەکدەگرنەوە، کە ئاواتەخوازە بەدەستیانبێنێت، چونکە تیۆرێکە هەوڵدەدات زیاتر لە گۆڕاوێک بەیەکەوە ببەستێتەوە، هەربۆیەش دیدگایەکی زانستی ورد و شیکراوەمان بۆ دەڕەخسێنێت بۆ ئەوەی ڕوانگەیەکی زانستی لەبارەی دوورخستنەوە و دوورخراوە لە ژینگەی قوتابخانەدا ڕوونبکەینەوە.

**دووەم: توێژینەوەکانی پێشوو:**

دەکرێت بڵێین، توێژینەوەکانی پێشوو بەرچاوڕوونیەکی زۆرباش و گونجاو دەخەنەبەردەست توێژەر لەبارەی کۆمەڵێک پرس، لەوانە: میتۆدی کارکردن، نموونەی وەرگیراو، ئەنجامە بەدەستهاتووەکان. دیارە زۆرێکیش لە توێژینەوەکان لەسەر ئاستی ناوخۆیی و بیانی باسیان لە پرسی دوورخستنەوەی کۆمەڵایەتی کردوە، لەڕووی پەیوەندیەوە بە چەندین گۆڕاوی جیاوازەوە، بە ئامانجی سوود وەرگرتن لەم توێژینەوانە، سێ توێژینەوەمان هەڵبژارد، کە بەم دواییانە ئەنجامدراون لە هەردوو وڵاتی عێراق و بەریتانیا، لە لایەن توێژەرانی بە ئەزموونەوە ئەنجامدراون. لە کۆتایی خستنەرویاندا، هەریەکەیان بەپێی پەیوەندیەکەیان لەگەڵ بابەتی توێژینەوەی بەردەست باسدەکرێن، ئەمەی خوارەوەش خستنەڕووی پوختەی هەریەکێکیانە:

١. توێژینەوەی، الفتلاوي، خالد ابو جاسم و عجرم، محمد فليح حسن (٢٠٢١)
(الاستبعاد الاجتماعي لدى طلبة المرحلة الإعدادية)

یەکێکە لە توێژینەوە تازە و ناوخۆییەکان، کە لەم دواییەدا لە بواری کۆمەڵناسی ئەنجامدراوە، توێژەران ئامانجیان لەم توێژینەوەیەدا:

**١)** زانینی کۆنمرەی گشتی ئاستی دوورخستنەوەی کۆمەڵایەتی لە نێوان قوتابیانی قۆناغی ئامادەیی بەپێی جیاوازییە ئامارییەکان بە گشتی.

**٢)** جیاوازی ئاستی دوورخستنەوەی کۆمەڵایەتی لە نێوان قوتابیانی قۆناغی ئامادەیی بەپێی گۆڕاوەکانی ڕەگەز (نێر – مێ)، پسپۆڕی (زانستی – مرۆیی)، و پۆل (چوارەم – پێنجەم).

سەبارەت بە میتۆدی توێژینەوەکە، ڕێبازی وەسفی شیکاری و پەیوەندیدار بە پەسەند زانراوە، هەروەک توێژەران پێوەرێکی تایبەتیان بە توێژینەوەکە داڕشتوە، بە ناوی پێوەری (دوورخستنەوەی کۆمەڵایەتی). کە پێکهاتوە لە (٤٣) بڕگە و دابەشکراوە بەسەر سێ تەوەر، پێوەرکە لەسەر بنەمای سێ بژاردەی (لیگەرت) دیزاینکراوە، دابەشکراوەتە سەر نموونەی توێژینەوەکەیان. نموونەی توێژینەوەکە لە (٥٠٠) قوتابی نێر و مێ پێکهاتبوو، کە دەکاتە ٦ %ی کۆمەڵگەی توێژینەوە، کە ژمارەیان (٨٤٠٠) قوتابی بوون، لە ساڵی خوێندنی ٢٠٢١/٢٠٢٠ تۆمارکراون. توێژینەوەکە گەیشتە چەند ئەنجامێکی ئەرێنی لەبارەی ئاستی دوورخستنەوەی کۆمەڵایەتی لە ناو قوتابیانی قۆناغی ئامادەییدا، لەم ڕووەوە دەرکەوت کە:

**أ.** جیاوازیەکی ئاماری بەڵگەدار لە ئاستەکانی دوورخستنەوەی کۆمەڵایەتیدا هەیە بەپێی گۆڕاوەی (ڕەگەز) و لە بەرژەوەندی قوتابیانی (نێر).

ب.جیاوازیەکی ئاماری بەڵگەدار لە ئاستەکانی دوورخستنەوەی کۆمەڵایەتیدا هەیە بەپێی گۆڕاوی (بەش) و لە بەرژەوەندی قوتابیانی بەشی (وێژەیی).

٢. توێژینەوەی; أحمد، رشيد حسين وحسن، سمية سامي (٢٠١٨): التمرد النفسي وعلاقته بالقبول الاجتماعي لدى طلبة المدارس الإعدادية في مركز مدينة أربيل وفقا لبعض المتغيرات.

ئامانجی توێژەران لەم توێژینەوەیەدا، دەستنیشانکردنی پلەی یاخیبوونی دەروونی و قبوڵکردنی کۆمەڵایەتی بەپێی گۆڕاوەکانی (ڕەگەز - پۆلی خوێندن)، هەروەها زانینی سروشتی پەیوەندی نێوان گۆڕاوەکانی یاخیبوونی دەروونی و قبوڵکردنی کۆمەڵایەتیە.

بەو پێیەی توێژینەوەکە بە توێژینەوەیەکی وەسفی شیکاری دادەنرێت، ڕێبازی وەسفی بە شێوازی ڕاپرسییەکی نموونەیی بۆ پەسەندکراوە، بۆ ئەم مەبەستەش توێژەران نموونەیەکی چینایەتی هەڕەمەکیان هەڵبژاردوە، کە پێکهاتوە لە (٤٣٢) قوتابی نێر و مێ، لە قوتابیانی قوتابخانە ئامادەییەکانی سەنتەری شاری هەولێر بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠١٧ – ٢٠١٨.

بۆ کۆکردنەوەی زانیاریەکان، توێژینەوەکە پشتی بە دوو ئامراز بەستوە، یەکەم: پێوەری یاخیبوون کە لە لایەن (اللامی، ٢٠٠٠) ئامادەکراوە و لە لایەن (عبدالأحد، ٢٠٠١) دەستکاریکراوە، دووەم: پێوەری قبوڵکردنی کۆمەڵایەتیە، کە لە لایەن هەردوو توێژەرەوە ئامادەکراوە.

لەبارەی ئەو شێوازە ئامارییانەی لە توێژینەوەکەدا بەکارهێنراون، توێژەران پەنایان بردۆتەبەر بەکارهێنانی هەگبەی ئاماری بۆ زانستە کۆمەڵایەتیەکان(SPSS)، و ئەم شێوازە ئامارییانەیان پەسەندکردوە: تاقیکردنەوەی (ت) بۆ یەک نموونە، تاقیکردنەوەی (ت) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ، هاوکێشەی پەیوەندیی پیرسۆن، هاوکێشەی سپێرمان - براون بۆ ڕاستکردنەوە، شیکاری یەکلایەنەی جیاوازی.

ئەنجامی توێژینەوەکە دەریخستوە کە:

١) ئاستی یاخیبوونی دەروونی لە نێوان قوتابیانی قۆناغی ئامادەییدا نزمە، و ئەوان چێژ بە پلەیەکی (باش) لە قبوڵکردنی کۆمەڵایەتی وەردەگرن.
٢) جیاوازیەکی ئاماری بەڵگەدار لە ئاستەکانی (یاخیبوونی دەروونی) لە نێوان نێر و مێ لە نموونەی توێژینەوەکەدا هەیە، لە بەرژەوەندیی گروپی (نێر)، لە کاتێکدا هیچ جیاوازیەکی ئاماری بەڵگەدار نییە بەپێی گۆڕاوی پۆلی خوێندن.
٣) هیچ جیاوازیەکی ئاماری بەڵگەدار نییە لە ئاستەکانی (قبوڵکردنی کۆمەڵایەتی) لە نێوان وەڵامدەرەوەکان بەپێی ڕەگەز یان پۆلی خوێندن.

٣. توێژینەوەی C. Webster و هاوکارانی (٢٠٠٤)

Poor transition: Social exclusion and young adults

یەکێکە لەو توێژینەوە دیارانەی لە بەریتانیا ئەنجامدراوە، توێژەران ئامانجیان زانینی پەیوەندی نێوان هەستکردن بە دوورخستنەوەی کۆمەڵایەتی و ڕەفتاری تاوانکاری بوو لە ناو گەنجاندا، ئەمەش بە ئەنجامدانی چاوپێکەوتنی قووڵ بوو لەگەڵ (٣٤) گەنج لە هەردوو ڕەگەز، کە تەمەنیان لە نێوان (٢٣ - ٢٩) ساڵیدا بوو. لە پاڵ ئەوانەشدا (١٢) گەنج لەو گەنجانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە، ئەوانە بوون کە تاوانباربوون بە ئەنجامدانی تاوانی وەک دزی، ئالوودەبوون بە ماددە هۆشبەرەکان و دەستدرێژیکردن. ئەنجامەکانی توێژینەوە ڕوونیدەکاتەوە، کە هۆکاری ئابووری

سەرەکیترین پاڵنەرە، کە ڕۆڵی لە ئاراستەکردنی گەنجان هەیە. ئەوانەی دیمانەیان لەگەڵ کراوە بۆ ئەنجامدانی تاوانەکانی وەک (دزی، ئالودەبوون بە هۆشبەرەکان، دەستدرێژیکردنە سەر خەلکی دیکە) هەروەک هەمان هۆکار لە پشت نیشتەجێبوونیانە لە گەڕەکە هەژارنشینەکان، کە بێبەش و دوورخراوەن لە هەر خزمەتگوزاریەک. هەروەک ئەنجامەکانی توێژینەوەکە دەریخستوە، نزمی داهاتی ناوخۆیی وایکردوە، کە خێزانی ئەم گەنجانە نەتوانن پێداویستیە سەرەتاییەکانیان بۆ دابینبکەن. ئەمەش بۆتە هۆی لاوازبوونی پەیوەندیە خێزانیەکان و پاڵنەرێکیش بووە بۆ ئەوەی پەیوەندیی هاوڕێتی لەگەڵ کەسانێک ببەستن، کە زۆرجار خۆیان بە دەست هەستکردن بە دوورخستنەوە و پەراوێزخستنەوە دەناڵێنن. ئەمەش وای لێکردون ڕووبکەنە جیهانی ئالوودەبوون بە مادده هۆشبەرەکان یان شێوەکانی دیکەی تاوان.

- گفتوگۆی توێژینەوەکانی پێشوو:

دەتوانین گرنگترین خاڵە هاوبەش و یەکتربڕەکانی نێوان ئەم توێژینەوەیە و توێژینەوەکانی پێشوو و بەراوردکردنیان لەگەڵ توێژینەوەکەمان بەم شێوەیەی خوارەوە بخەینەڕوو:

١. لە توێژینەوەکانی پێشوودا ڕوونە کە هیچ توێژینەوەیەکی ناوخۆیی (کوردستانی) نادۆزینەوە، باس لە دوورخستنەوەی کۆمەڵایەتی لە ناو قوتابیانی قۆناغی ئامادەیی بکات (بابەتی ئەم توێژینەوەیە)، بۆیە ڕەنگە ئەم خاڵە ڕەسەنایەتی ئەم توێژینەوەیە دەربخات.

٢. ئەم توێژینەوەیە لەگەڵ توێژینەوەکانی (الفتلاوی وعجرم، ٢٠٢١)، و(احمد وحسن، ٢٠١٨) لەڕووی بەکارهێنانی میتۆدی چەندێتی بە ڕێگەی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی یەکدەگرێتەوە، بەڵام لەگەڵ توێژینەوکەی (C. Webster and Other,2004) یەکتر دەبڕن بە هۆی ئەوەی میتۆدی ئەزموونەکی بۆی پەسەندکراوە، ڕەنگە هۆکارەکەی بۆ سروشتی بابەتەکە بگەڕێتەوە.

٣. لە توێژینەوەکەی (C. Webster and Other, 2004)دا، وای پێویستبووە نموونەیەکی قەبارە بچووک، کە ژمارەیان (٣٤) تاک بووە هەڵبژێردرێت. کەچی لەتوێژینەوەکانی (الفتلاوي وعجرم، ٢٠٢١)، و(احمد وحسن، ٢٠١٨) نموونەیەکی قەبارە گەورە، کە ژمارەیان (٥٠٠) تاک بووە هەڵبژێردراوە، بۆیە پاڵپشت بەم پێوەرە شێوازی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی بە بەکارهێنانی شێوازی نموونەیی بەکارهاتوە، چونکە لەگەڵ سروشتی ئەم توێژینەوەیە و ئامانجەکانیدا دەگونجێت.

٤. لەڕووی بەکارهێنانی هاوکێشە ئاماریەکانەوە، تاڕادەیەک هاوشێوە بوون، زۆربەیان شێوازی تاقیکردنەوەی (ت) بۆ دۆزینەوەی جیاوازیان بەکارهێناوە. توێژەر سوودی لە هەندێک لەو شێوازانە وەرگرت و بە گونجاوی زانی بۆ لایەنی شیکاری توێژینەوەکەی بەکاریانبێنێت، وەک بەکارهێنانی لادانی پێوەری و تاقیکردنەوەکانی (ت)، شیکاری جیاوازی یەک لایەنی.

٥. لە ڕووی ئەنجامەکانەوە، ئەم توێژینەوەیە لەگەڵ جیاوازیەکانی لە سروشتی گۆڕاوەکاندا، قەبارەی نموونە، سروشتی کۆمەڵگەی توێژینەوە، ئەوا ئەنجامی جیاوازیشی لێدەکەوێتەوە، کە گرنگترینیان زانینی ئاستەکانی دوورخستنەوەی کۆمەڵایەتیە لە ناو گەنجاندا.

**بەشی سێیەم: میتۆد و ڕێککارەکانی توێژینەوە**

**یەکەم: میتۆدی توێژینەوە:**

لەم توێژینەوەیەدا توێژەر میتۆدی چەندایەتی بەکارهێناوە، ئەوەش بەهۆی گونجاوی ئەم میتۆدە و سروشتی گۆڕاوەکانی توێژینەوەکەوەیە. جگە لەمە، ئەم میتۆدە بە یەکێک لە باوترین ڕێبازەکانی ئەنجامدانی توێژینەوە دادەنرێت، چونکە زانیاری زانستی و ڕاستیەکانمان پێدەبەخشێت، کە بەهۆیەوە دەتوانرێت ئاستێکی باشی تێگەیشتنی زانستیانەی لەسەر بنیات بنرێت (فان دالین، ٢٠٠٣ :٣٣٤).

**دووەم: کۆمەڵگەی توێژینەوە، هەڵبژاردنی نموونە و جۆرەکەی:**

**١)** کۆمەڵگەی توێژینەوە:

کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە خۆی لە قوتابیانی قوتابخانە ئامادەییەکان دەبینێتەوە لە هەردوو ڕەگەز، بە تایبەت ئەوانەی ناویان تۆمارکراوە بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٢ / ٢٠٢٣) لە سەرجەم قوتابخانە ئامادەییەکانی سنووری بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی قەزای شەقڵاوە لە پارێزگای هەولێر، کە ژمارەیان (٥٧٨٥) قوتابیە، لە پۆلەکانی (دەیەم، یازدەهەم، دوازدەهەم)، بە ڕێژەی (٤٣٪) نێر و (٥٧٪) مێ. دابەشبوونە بەسەر (٢٨) قوتابخانە (٩) قوتابخانەی کوڕان، (١٠) قوتابخانەی کچان و (٩) قوتابخانەی تێکەڵاو (بڕوانە خشتەی ژمارە ١).

خشتەی ژمارە (١) کۆمەڵگەی توێژینەوە بەپێی گۆڕاوەکانی قۆناغ وجۆری خوێندن وڕەگەز ڕووندەکاتەوە

| قۆناغی خوێندن | ژمارە وجۆری قوتابخانەکان | | | کۆی گشتی | ژمارەی قوتابیان بەپێی پۆل وڕەگەز | | | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | کوڕان | کچان | تێکەڵاو | | پۆلەکان خوێندن | نێر | مێ | |
| ئامادەیی | ٩ | ١٠ | ٩ | ٢٨ | دەیەم | ٨٩٨ | ١٠٨٤ | ١٩٨٢ |
| | | | | | یازدەهەم | ٧٤٧ | ٩١٧ | ١٦٦٤ |
| | | | | | دوانزەهەم | ٨٤٦ | ١٢٩٣ | ٢١٣٩ |
| کۆی گشتی | | | | | | ٢٤٩١ | ٣٢٩٤ | ٥٧٨٥ |
| ڕێژە | | | | | | ٪٤٣ | ٪٥٧ | ٪١٠٠ |

**٢)** هەڵبژاردنی نموونە و جۆرەکەی:

بەو پێیەی کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە، کۆمەڵگەیەکی نایەکسان و جیاوازە لە ڕووی ڕەگەز و بەش و پۆلی خوێندن، واتا، لە چەند چینێکی کۆمەڵایەتی پێکدێت، کە هەریەکەیان بە کۆمەڵێک تایبەتمەندی دەناسرێنەوە و لە یەکتر جیادەکرێنەوە. ئەمە جگە لە تایبەتمەندیەکی دیکە، کە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە جیادەکاتەوە، ئەویش ئەندامەکانی یەک ناسنامەی هاوبەشیان هەیە، کە بریتیە لە ژینگەی پەروەردە و فێرکردن. بۆیە دەکرێت

ئەم کۆمەڵگەیە وەک کۆمەڵگەیەکی پەروەردەیی فرەچین و تایبەت بناسرێت. لەم سۆنگەیەشەوە هەڵبژاردنی نموونەیەکی هەڕەمەکی چینایەتی و ڕێژەیی Proportional Stratified Sample بە پێویست زانرا بۆ ئەوەی لەگەڵ سروشتی ئەم توێژینەوەیەدا بگونجێت. ڕێژەییش (التناسبية) بەو واتایەیە، کە ژمارەی هەڵبژێردراو لە هەر چینێک پێویستە ڕێژەییانە بگونجێت لەگەڵ قەبارەی ڕاستەقینە و نوێنەرایەتیەکەی لە ناو کۆمەڵگەی توێژینەوەدا (قنديلجي والسامرائي، ٢٠٠٩ : ٢٦٢)، هەر بۆیە بۆ ئەوەی نموونەکە بە یەکسانی بەسەر هەموو چینەکانی نموونەکەدا دابەشبکرێت، بە جۆرێک یەکسان بێت لەگەڵ ڕێژەی هەر چینێک بەرامبەر ڕێژەی گشتی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە. لەم چوارچێوەیەدا، نموونەکە بەپێی ڕەگەز (نێر– مێ)، و مۆدێلی چینەکانی قوتابخانە (دەیەم، یازدەهەم، دوانزەهەم)، و بەشەکانی (زانستی – وێژەیی)، ئاستەکانی ئابووری خێزان (باش، ناوەند، خراپ)، شوێنی نیشتەجێبوون (قەزا، ناحیە، گوند) دابەشکرا. دواتر لە ڕێگەی هەڵبژاردنی هەڕەمەکی سادە ئەندامانی نموونە لە هەر چینێکی کۆمەڵگەی توێژینەوەکەدا هەڵبژێردران. قەبارەی نموونەکە گەیشتە (٤٠٠) قوتابی نێر و مێ، واتا (٧ %)ی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە، لە نێویاندا (١٧٢) نێر، و (٢٢٨) مێ بوون (خشتەی ژمارە ٢)، لە دیاریکردنی ئەم قەبارەیەشدا پشتبەستراوە بە هاوکێشەی ئاماری ستیڤن سامبسۆن (Thompson, 2012, p: 59-60)، بەپێی ئەم یاسا ئاماریە، ئەگەر کۆمەڵگەی توێژینەوە ژمارەیان لە (١،٠٠٠،٠٠٠) کەس زیاتر بوو، ئەوا نموونەی گونجاو بریتیە لە (٣٨٤) کەس بە ڕێژەی هەڵە (Margin error)ی (٥٪) و ئاستی دڵنیایی (٩٥٪)، لەسەر ئەم بنەمایەش قەبارەی نموونەکە دیاریکراوە و بەوەرگرتنی زۆرترین ژمارە لە قوتابیان، هەر بۆیە قەبارەی نموونەکە گەورەتر بووە گەیشتۆتە (٤٠٠) قوتابی، لە نێوان خۆیاندا لەسەر بنەمای ڕەگەز، بەش، و پۆلی خوێندن، ئاستی ئابووری خێزان، شوێنی نیشتەجێبوون، دابەشکراون بەم شێوەی خوارەوە:

١) قوتابیانی پۆلی دەیەم، کە بریتین لە (١٣٧) قوتابی، (٦٢ نێر – ٧٥ مێ)، واتا (١٠٠) قوتابی لە بەشی زانستی و (٣٧) قوتابی لە بەشی وێژەیی، کە دەکاتە (٣٤٪)ی کۆی نموونەکە.
٢) قوتابیانی پۆلی یازدەهەم، کە بریتین لە (١١٥) قوتابی، (٥٢ نێر – ٦٣ مێ)، واتا (٨١) قوتابی بەشی زانستی و (٣٤) قوتابی بەشی وێژەیی، دەکاتە (٢٩ %) ی کۆی نموونەکە.

٣) قوتابیانی پۆلی دوانزەهەم، کە ژمارەیان (١٤٨) قوتابین، (٥٨ نێر – ٩٠ مێ) واتا (١٠٠) قوتابی بەشی زانستی و (٤٨) قوتابی بەشی ویژەیی، دەکاتە (٣٧٪) کۆی نموونەکە.

خشتەی ژمارە (٢) دابەشبوونی ئەندامانی نمونەی توێژینەوە بەپێی گۆڕاوە سەرەکیەکان نیشان دەدات

| ز | پۆلی خوێندن | بەش | ڕەگەز | | ئاستی ئابوری خێزان و شوێنی نیشتەجێبوون | | | | | | | | | کۆی گشتی | ڕێژە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | نێر | مێ | باش | | | ناوەند | | | خراپ | | | | |
| | | | | | قەزا | ناحیە | گوند | قەزا | ناحیە | گوند | قەزا | ناحیە | گوند | | |
| ١ | دەیەم | زانستی | ٤٤ | ٥٦ | ١٤ | ٦ | ٢ | ٥ | ٢٣ | ٥ | ٢٤ | ١٢ | ٩ | ١٣٧ | ٪٣٤ |
| | | ویژەیی | ١٨ | ١٩ | ٠ | ٢ | ١٣ | ١ | ٢ | ٥ | ٠ | ١ | ١٣ | | |
| ٢ | یازدەهەم | زانستی | ٣٧ | ٤٤ | ١ | ٨ | ٠ | ٥ | ١٨ | ٦ | ٩ | ٩ | ٢٥ | ١١٥ | ٪٢٩ |
| | | ویژەیی | ١٥ | ١٩ | ٠ | ٣ | ١ | ١ | ٨ | ٧ | ٧ | ٦ | ١ | | |
| ٣ | دوانزەهەم | زانستی | ٣٦ | ٦٤ | ٤ | ١٠ | ٢ | ١٠ | ٢٠ | ١٠ | ٠ | ٧ | ٣٧ | ١٤٨ | ٪٣٧ |
| | | ویژەیی | ٢٢ | ٣٦ | ٢ | ١ | ٧ | ٢ | ٣ | ٥ | ٧ | ٧ | ١٤ | | |
| کۆی گشتی | | | ١٧٢ | ٢٢٨ | ٢١ | ٣٠ | ٢٥ | ٢٤ | ٧٤ | ٣٨ | ٤٧ | ٤٢ | ٩٩ | ٤٠٠ | ٪١٠٠ |

**سێیەم: ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری و مەرجە سیکۆمەتریەکان:**

١. ئامرازی توێژینەوە: بۆ پێوانەکردنی ئاستەکانی (دوورخستنەوەی کۆمەڵایەتی)، پشتمان بە پێوەرەکەی (الفتلاوي و عجرم، ٢٠٢١) بەستوە، کە پێکهاتوە لە (٤٣) بڕگە و لە لایەن توێژەر پەرەی پێدراوە، ئەویش بە ئەنجامدانی پرۆسەی دەستکاریکردن و ڕاستکردنەوە بۆی، بەشێوەیەک لە کۆتایی پرۆسەکەدا، پێوەرەکە بۆ (٣٢) بڕگە کەمکرایەوە، لە نێوان بڕگەی ئەرێنی و نەرێنی، کە بە سەر سێ تەوەری سەرەکی دابەشبوون وەک لە (خشتەی ژمارە ٣) دا ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی ژمارە (٣) بڕگە ئەرێنی ونەرێنیەکانی پێوەری توێژینەوە نیشان دەدات

| تەوەرەکانی پێوەر | بڕگەی ئەرێنی | بڕگەی نەرێنی | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| ڕەتکردنەوەی کۆمەڵایەتی | ١، ٣، ٤، ٦، ٧، ٨، ٩، ١٠، ١١ | ٢، ٥، ١٢ | ١٢ |
| هەستکردن بە بێبەشبوون | ١٣، ١٥، ١٦، ١٨، ٢٠، ٢١ | ١٤، ١٧، ١٩، ٢٢ | ١٠ |
| دوورخستنەوەی کۆمەڵایەتی | ٢٣، ٢٥، ٢٧، ٢٩، ٣١، ٣٢ | ٢٤، ٢٦، ٢٨، ٣٠ | ١٠ |
| کۆی گشتی | ٢١ | ١١ | ٣٢ |

٢. مەرجە سیکۆمەتریەکانی پێوەر:

یەکێک لە پێویستیەکانی هەر پێوەرێک دۆزینەوەی ڕاستگۆیی و جێگیریە بۆ بڕگەکانی بەر لە بەکارهێنانی. ڕاستگۆییش لە پێوەردا گرنگترە لە جێگیری، چونکە ئەو پێوەرەی پێنوێنی ڕاستیتی هەبێت، توانای پێوانەکردنی ئەو گۆڕاوەی دەبێت، کە خوازیارە پێوانەی بکات (الزوبعي والغنام، ١٩٨١: ٣٩). هەرچەندە پێوەری جێگیر ڕەنگە ڕاستگۆ نەبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەرگیز ناتوانین دەستبەرداری جێگیری ببین، لەبەرئەوەی جێگیری ڕێژەی جیاوازی ڕاستەقینە بۆ نمرەی پاکتاوکراوی هەر تاقیکردنەوەیەک بەدەستەوەدەدات، ئەوەش لە ڕێگەی جێگیری بەجێهێنان و جێگیری وەڵامدانەوە لەسەر پێوەرەکە (فرج، ٢٠٠٧: ٣٤٨).

١) ڕاستگۆیی پێوەر:

بۆسەلماندنی ڕاستگۆیی پێوەرەکە، توێژەر دوو شێوازی ئاماری بەکارهێناوە:

أ.ڕاستگۆیی جیاکاری (الصدق التمييزي):

لەم جۆرە ڕاستگۆییەدا جیاوازی دەکرێت لە نێوان ئەنجامدان و تواناکانی وەڵامدەرەوەکان. ئەم جۆرە ڕاستگۆییەش تیشکدەخاتەسەر تاقیکردنەوە (پێوەر) یان بابەتی توانای جیاکردنەوە لە نێوان دوو جۆر لە وەڵامەکان و تواناکان (ئاست بەرز و ئاست نزم)، هەژماریاندەکات و ڕێژەی ڕاستگۆیی بەپێی ئەم شێوازە پێوانەدەکات. لەم ڕووەوە توێژەر پرسە توێژینەوەیەک (دراسة استطلاعية) ئەنجامدا بە مەبەستی جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەکە لەسەر نموونەیەکی هەڕەمەکی کۆمەڵگەی توێژینەوە، کە لە (٣٠) قوتابی پێکهاتبوون (١٣ نێر و ١٧ مێ)، ئینجا توێژەر نمرەکانی ئەندامانی نموونەکەی بەپێی فاکتەری جیاکاری ڕێکخست، لە نزمترین نمرەوە بۆ بەرزترین نمرە. پاشان بەپێی ئەو نمرانەی کە هەر ئەندامێکی نموونەکە بەدەستی هێناوە بۆ سێ ئاست دابەشکران: ئاستی نمرە نزمەکان، ئاستی نمرە ناوەندەکان و ئاستی نمرە بەرزەکان. لێرەدا توێژەر تەنها نمرەکانی ئاست نزم بە ڕێژەی (٢٧٪) وەرگرت، هەروەک بە هەمان ڕێژەش نمرەکانی ئاست بەرزی وەرگرت، لە کۆی نموونەکەدا، دوای ئەنجامدانی پرۆسەی بەراوردکردن لە نێوان هەردوو ئاستەکەدا بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (ت) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ (independent sample T-Test)، ئەنجامی تاقیکردنەوەکە دەریخست، کە جیاوازیەکی ئاماری بەڵگەدار لە نێوان نمرەی ئاست بەرز و نمرەی ئاست نزمەکان هەیە لەسەر پێوەرەکە. ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستیەیە، کە پێوەرەکە ڕاستگۆیە لە توانای جیاکردنەوەی نمرەکان لە نێوان تاکەکاندا، (بڕوانە خشتەی ژمارە ٤).

خشتەی ژمارە (٤)

ئەژمارکردنی هێزی جیاکاری برگەکانی پیوەر بە بەکارهێنانی شێوازی بەراوردکردنی لاجەمسەر نیشان دەدات

| نمرەی گروپەکان | ژمارەی نموونە | ناوەندی ئەژمارکراو | لادانی پیوەری | بەهای (ت) ئەژمار کراو | بەهای (ت) خشتەیی | نمرەی ئازاد | ئاستی بەلگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئاست نزم | ١٠ | ٨٠,٠٠ | ٧,٤٢٤ | ١٠,٧٦٣ | ٢,١٠١ | ١٨ | ٠,٠٠٠ بەلگەدارە |
| ئاست بەرز | ١٠ | ١٢٧,٣٠ | ١١,٧٤٨ | | | | |

ئەم خشتەیەی سەرەوە ڕوونیدەکاتەوە، بەهای هەژمارکراوی (ت) یەکسانە بە (١٠.٧٦٣)، کە زیاترە لە بەها خشتەییەکەی (٢.١٠١) بە شێوازی تاقیکردنەوەی دوولاجەمسەری بە نمرەی ئازاد (١٨)، بۆ نمرەی گروپی ئاست نزم، لە ئاستی بەڵگەداری (٠.٠٠٠). بەو پێیەی ئەم ئاستە کەمترە لە ئاستی بەڵگەداری (٠.٠٥)، کەواتە، ئەمە ئاماژەیە بۆ ئەوەی، کە بەهای (ت) بەڵگەدارە لە ئاستی بەڵگەداری (٠.٠٠١)، بە واتا جیاوازیەکی ئاماری بەڵگەدار لە نێوان تێکڕای نمرەکانی تاکەکان (ئاست نزم و ئاست بەرز) هەیە لە بەرژەوەندیی نمرە ئاست بەرزەکان بە تێکڕای بەدەستهاتوی

(١٢٧.٣٠)، بەوەش دەگەینە ئەو ئەنجامەی، کە ئەم پێوەرە ڕاستگۆیە لە پێوانەکردنی ئەو گۆڕاوەی کە دەیپێوێت.

**ب.ڕاستگۆیی ناوەڕۆک (ڕێکخستنی ناوخۆیی) (الاتساق الداخلي):**

خشتەی ژمارە (٥) ڕێژەی پەیوەندی نێوان نمرەی هەر بڕگەیەک وکۆنمرەی تەوەرەکەی نیشان دەدات

| ژ. برگە | ژمارەی تەوەر | ڕێژەی پەیوەندی | ژ. برگە | ژمارەی تەوەر | ڕێژەی پەیوەندی | ژ. برگە | ژمارەی تەوەر | ڕێژەی پەیوەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ١ | (**)٠,٦٣٠ | ١٣ | ٢ | (**)٠,٥٩١ | ٢٣ | ٣ | (**)٠,٧٠٤ |
| ٢ | ١ | (**)٠,٧٦٣ | ١٤ | ٢ | (**)٠,٦٨٦ | ٢٤ | ٣ | (**)٠,٧٠٢ |
| ٣ | ١ | (**)٠,٦٦٦ | ١٥ | ٢ | (**)٠,٦٣٤ | ٢٥ | ٣ | (**)٠,٦٢٠ |
| ٤ | ١ | (**)٠,٧٣١ | ١٦ | ٢ | (**)٠,٧٠٠ | ٢٦ | ٣ | (**)٠,٧٦٨ |
| ٥ | ١ | (**)٠,٦٣٢ | ١٧ | ٢ | (**)٠,٧١٥ | ٢٧ | ٣ | (**)٠,٦٠٥ |
| ٦ | ١ | (**)٠,٥٣٦ | ١٨ | ٢ | (**)٠,٤٧٩ | ٢٨ | ٣ | (*)٠,٤٣٦ |
| ٧ | ١ | (**)٠,٥٥٠ | ١٩ | ٢ | (**)٠,٥٧٢ | ٢٩ | ٣ | (**)٠,٥٨٣ |
| ٨ | ١ | (**)٠,٥٢٩ | ٢٠ | ٢ | (**)٠,٧١٠ | ٣٠ | ٣ | (*)٠,٤٢٨ |
| ٩ | ١ | (**)٠,٧٥٤ | ٢١ | ٢ | (**)٠,٦٣٦ | ٣١ | ٣ | (**)٠,٤٩١ |
| ١٠ | ١ | (**)٠,٥٩٥ | ٢٢ | ٢ | (*)٠,٣٦٤ | ٣٢ | ٣ | (**)٠,٤٨١ |
| ١١ | ١ | (**)٠,٧٤٠ | | | | | | |
| ١٢ | ١ | (**)٠,٧١٣ | | | | | | |

(**) پەیوەندییەکی بەلگەدارە لەئاستی (٠,٠١). (*) پەیوەندییەکی بەلگەدارە لەئاستی (٠,٠٥).

ڕاستیێتی ناوەڕۆک یان ڕێکخستنی ناوخۆیی، واتا، تا چەند هەر بڕگەیەکی فۆڕمی ڕاپرسیەکە لەگەڵ ئەو تەوەرەدا یەکدەگریتەوە، کە بڕگەکە سەر بەوەوەیە، جا بۆ دڵنیابوون لە ڕاستگۆیی پێوەرەکە، توێژەر تاقیکردنەوەی ڕێکخستنی ناوخۆیی ئەنجامدا بە هەژمارکردنی ئەنجامی هاوکێشەی (پیرسۆن) (معامل ارتباط بيرسون)، لە نێوان نمرەی هەر بڕگەیەک لە بڕگەکانی هەر (٣) تەوەرەکە و کۆنمرەی ئەو تەوەرەی، کە بڕگەکە سەر بەوەوەیە، ئەویش بە بەکارهێنانی پرۆگرامی هەگبەی ئاماری (SPSS)، و خشتەی ژمارە (٥) ئەم ئەنجامە ڕوون دەکاتەوە.

لەخشتەی ژمارە (٥) ی سەرەوە دیارە، کە سەرجەم نمرەکانی پەیوەندیی پیرسۆن لە نێوان بڕگەکانی هەر (٣) تەوەری پێوەرەکە، لەگەڵ کۆنمرەی تەوەرەکان لە ڕووی ئامارییەوە بەڵگەدارن لە ئاستی (٠.٠١)، جگە لەبڕگەکانی (٢٢، ٢٨، ٣٠)، کە بەڵگەدارن لە ئاستی (٠.٠٥) و کەمترین نمرەی پەیوەندی (٠.٣٦٤) بوو. لە کاتێکدا بەرزترین نمرەی پەیوەندی بریتیبوو لە (٠.٧٦٨).

**٢) جێگیری پێوەر:**

دیارە، مەبەست لە جێگیری پێوەر، بەدەستهێنانی هەمان نمرەیە لە لایەن ئەو تاکانەی زیاتر لە جارێک ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاریان بەسەردا جێبەجێدەکرێت، بۆیە بەرژەوەندیی توێژەر و توێژینەوەکەشی لەوەدایە، پرسە توێژینەوەیەک لە بارەی نموونەیەکی قەبارە زۆر

بچووک (٣٠) قوتابی ئەنجامبدات، تاوەکو ئەو کەموکورپیانەی لە برگەکاندا هەن، بدۆزێتەوە و چارەسەریانبکات، لەم ڕووەوە توێژەر، پەنای بۆ بەکارهێنانی دوو شێواز برد:

**أ.**شێوازی (ئەلفاکرۆنباخ) (Alpha Cronbach): کە تێیدا توێژەر ڕێژەی جێگیری (ئەلفاکرۆنباخ)ی هەژمارکردوە بۆ پێوەرەکەی بەپێی تەوەرەکان. لەم نێوانەشدا دەرکەوت، ڕێژەی جێگیری گشتی پێوەرەکە (٠.٨١٢) بوو، وەک لەخشتەی ژمارە (٦) دا ئەو پرۆسەیە ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی ژمارە (٦) جێگیری ئامرازی توێژینەوە بەپێی ئەلفا کرۆنباخ وبەشکردنی نیوەیی نیشان دەدات

| جێگیری بە شێوازی ئەلفا کرۆنباخ | | | جێگیری بە شێوازی بەشکردنی نیوەیی | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| پێوەری توێژینەوە | ژمارەی برگەکان | ئەلفا کرۆنباخ (ن=٣٠) | ڕێژەی پەیوەندی پیرسۆن | | ڕاستکردنەوە بەپێی سپیرمان-براون | |
| | | | برگە تاکەکان | برگە جوتەکان | پێش ڕاستکردنەوە | دوای ڕاستکردنەوە |
| تەوەری یەکەم | ١٢ | ٠,٨٧١ | ٠,٧٧٤ | ٠,٧٧٤ | ٠,٨١٥ | ٠,٨٩٨ |
| تەوەری دووەم | ١٠ | ٠,٧٩٥ | ٠,٧١٠ | ٠,٦٦٣ | ٠,٥٨٣ | ٠,٧٣٦ |
| تەوەری سێیەم | ١٠ | ٠,٧٧١ | ٠,٧٠٦ | ٠,٦٠٩ | ٠,٥٤٩ | ٠,٧٠٩ |
| **جێگیری گشتی** | **٣٢** | **٠,٨١٢** | **٠,٧٣** | **٠,٦٨٢** | **٠,٦٤٩** | **٠,٧٨١** |

جێگیری بە شێوازی بەشکردنی نیوەیی (التجزئة النصفية):

لەم شێوازەدا، توێژەر هەڵساوە بە دابەشکردنی ئامرازی توێژینەوەکە بەسەر نموونەیەکی بچوکی (٣٠) کەسی بۆ تەنها جارێک. بەمەش توانرا وەڵامەکانی لێتوێژەرەوان وەربگرین بۆ برگە تاک و جووتەکانی ئامرازەکە بەپێی تەوەرەکان، دواتر پەنا بردن بۆ بەکارهێنانی شێوازی بەشکردنی نیوەیی، پاشان دەرکردنی نمرەی پەیوەندیی پیرسۆن لە نێوان نیوەی یەکەم و نیوەی دووەمی تاقیکردنەوەکە، ئینجا بە بەکارهێنانی هاوکێشەی ڕاستکردنەوەی سپیرمان-براون، دەرکەوت بەهای جێگیری گشتی گەیشتە (٠.٧٨١) (خشتەی ژمارە ٦)، ڕوونیشە ئەم بەهایە ئاماژەیەکی زۆر باش بۆ ئاستی جێگیری پێوەرەکە نیشاندەدات.

چوارەم: ئەو شێوازە ئامارییانەی لەم توێژینەوەیەدا بەکارهاتوون:

دوای تەواوکردنی قۆناغی پرۆسەی کۆکردنەوەی زانیاری لە ڕێگەی جێبەجێکردنی پێوەرەکە و پێداچوونەوە و دیاریکردنی ئەو فۆرمانەی گونجاو و دروستن بۆ بەکارهێنان، فۆرمە گەڕاوەکان کۆدکران بە پێدانی هێمای تایبەت بە هەریەکێکیان بە مەبەستی ئامادەکردنیان بۆ بەکارهێنانی لە شیکردنەوەی داتاکان لە ڕێگەی پرۆگرامی هەگبەی ئاماری بۆ زانستە کۆمەڵایەتیەکان (SPSS)، ئەمەش بۆ تەواوکردنی ڕێکارەکانی توێژینەوەکە و شیکردنەوەی ئەنجامەکانی و دیاریکردنی ئامانجەکانی توێژینەوەکە. لەم ڕووەوە ئاستی بەڵگەداری وەرگیراو بۆ تاقیکردنەوەی ئەنجامەکان (٠.٠٥) پەسەندکراوە. لەم ڕوانگەیەشەوە، توێژەر پەنای بۆ بەکارهێنانی چەندین ڕێگا و شێوازی ئاماری بردوە بۆ شیکردنەوە و پرۆسێسکردنی داتاکان، لەوانە: هاوکێشەی پەیوەندیی پیرسۆن،

هاوکێشەی سپیرمان – براون، تاقیکردنەوەی (ت) بۆ یەک نموونە، تاقیکردنەوەی (ت) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ و تاقیکردنەوەی (ف) شیکاری جیاوازی تاکلایەنی.

بەشی چوارەم: خستنەڕووی ئەنجامەکانی توێژینەوە (شیکاری و گفتوگۆ)

یەکەم: خستنەڕووی ئەنجامەکان و گفتوگۆکردنی:

١. ئامانجی یەکەم: زانینی ئاستی دوورخستنەوەی کۆمەڵایەتی قوتابیانی قۆناغی ئامادەیی بە گشتی.

بۆ بەدەستهێنانی ئەم ئامانجە، کۆنمرەی ئەندامانی نموونەی توێژینەوە کە (٤٠٠) تاکە، کۆکرانەوە و ئەنجامەکان دەریانخست، کۆنمرەکانی ئەندامانی نموونە بە گشتی لە نێوان (٧٩ – ١٤٩) بوو، بە تێکڕایی (١١٥.٣٤) نمرە، لادانی پێوەری (١٣.٩٦) نمرە، کە ئەمەش گەورەترە لە تێکڕایی گریمانەکراوی پێوەرەکە، کە بڕەکەی (٩٦) نمرەیە، هەروەک بۆ زانینی ئاستی جیاوازی بەڵگەداری لە نێوان تێکڕای بەدەستهاتوو و تێکڕای گریمانەکراوی پێوەرەکە لە نێوان ئەندامانی نموونەکە بە گشتی، تاقیکردنەوەی (ت) بۆ یەک نموونە (One sample T.test) بەکارهات. ئەنجامەکەی دەریخست کە بەهای (ت) هەژمارکراو (بەدەستهاتوو) بریتیە لە (٢٧،٧٠٠) نمرە. دیارە، ئەم ڕێژەیەش گەورەترە لە بەهای (ت) خشتەیی، کە دەکاتە (١.٩٦) لە ئاستی بەڵگەداری (٠.٠٥) بە نمرەی ئازاد (٣٩٩). ئەمەش ئاماژەیە بۆئەوەی جیاوازیەکی ئاماری بەڵگەدار لە نێوان تێکڕای بەدەستهاتوو و تێکڕای گریمانەکراو لە پێوەرەکەدا بەدیدەکرێت، بەو واتایەی کەوا، تاکەکانی نموونەکە بە گشتی ئاستێکی بەرز بەرامبەر دوورخستنەوەی کۆمەڵایەتی نیشاندەدەن (خشتەی ژمارە ٧). هۆکاری ئەمەش بە بۆچوونی توێژەر ڕەنگە بگەڕێتەوە بۆ بوونی دۆخێکی بەهێز لە هەستکردنیان بە ڕەتکردنەوەی کۆمەڵایەتی لە ژینگەی قوتابخانە و نەبوونی یەکسانی و نادادی بە هۆی جۆری پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان (خزمایەتی، سیاسی،...)، یان ڕەنگە بە هۆی ئەو بارودۆخە سەختە بێت، کە قوتابیانی ئەم قۆناغە پەروەردەییە پێیدا تێدەپەڕن، کە خۆی لە چەندین قەیران و فشاری دەروونی و بارودۆخی ئابووری و سیاسی پەروەردەیی دەبینێتەوە، دواجار سەردەکێشن بۆ هەستکردن بە دوورخستنەوەی کۆمەڵایەتی. بەم شێوەیە، ئەم ئەنجامە هاوڕایە لەگەڵ تیۆری ڕەتکردنەوەی کۆمەڵایەتی، کە جەختدەکاتەوە لەسەر کاریگەریە نەرێنیەکانی فشارەکان لەسەر تاک، کاتێک قوتابی هەست بە نەبوونی دادپەروەری کۆمەڵایەتی دەکات. لە لایەکی دیکەشەوە بەردەست نەبوون یان کەمی پێداویستیە سەرەتاییەکانی چ لە ناو خێزان یان لە ناو قوتابخانەدا بە تایبەتی لەو کاتانەی ڕەوشی خۆی بەراوردەکات لەگەڵ قوتابیە هاوەڵەکانی خۆی لە ناو قوتابخانەکەیدا، ئەو کاتەش وا خۆی دەبینێت، کە بە کۆمەڵێک لە فشار و گرفت دەورە دراوە، ئەمەش دەبێتە هۆی زیادبوونی بەرکەوتەی لەگەڵ دەرهاویشتە نەرێنیەکانی ئەو گوشار و ڕەفتارانە. لەم ڕووەوە، گرنگترین ئەو هەستە نەرێنیانەی ڕوویتێدەکەن، بریتین لە: هەستکردن بە پەراوێزخستن و نائومێدی، ترس، شکست، دۆڕان و ڕەتکردنەوە، هەموو ئەوانەش

لە ڕێگەی نواندنی ڕەفتاری توڕەیی، شەڕانگێزی، ناڕەزایەتی، یاخیبوون، لە ژینگەی پەروەردە یان خێزان دەریان دەبڕێت.

خشتەی ژمارە (٧) ئاستی دوورخستنەوەی کومەلایەتی لیتویژەرەوان بەگشتی لەسەر پیوەرەکە نیشان دەدات.

| گۆڕاو | کۆی نمونە | تیکڕای بەدەست هاتوو | لادانی پیوەری | تیکڕای گریمانەیی | بەهای (ت) | | نمرەی ئازاد | ئاستی بەلگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | ئەژمارکراو | خشتەیی | | |
| دوورخستنەوەی کۆمەلایەتی | ٤٠٠ | ١١٥,٣٤ | ١٣,٩٦ | ٩٦ | ٢٧,٧٠٠ | ١,٩٦٦ | ٣٩٩ | بەلگەدارە ٠,٠٠٥ |

٢. ئامانجی دووەم: زانینی ئاستەکانی هەستکردن بە دوورخستنەوەی کۆمەڵایەتی لە ناو قوتابیاندا، بەپێی گۆڕاوەکانی (ڕەگەز، بەش، پۆلی خوێندن، ئاستی ئابووری خێزان، شوێنی نیشتەجێبوون).

بۆ زانین و دەستنیشانکردنی جیاوازی ئاستەکانی دوورخستنەوەی کۆمەڵایەتی لە نێوان ئەندامانی نموونە بەپێی گۆڕاوە سەرەکیەکان (ڕەگەز، بەش، پۆلی خوێندن، ئاستی ئابووری خێزان، شوێنی نیشتەجێبوون)، توێژەر پەنای بردە بەر بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (ت) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ (Independent sample T-test)، بۆ گۆڕاوە دووانەیەکان (ڕەگەز، بەش)، هەروەها بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (فیشەر) (ف) بۆشیکردنەوەی جیاوازی تاکلایەنی (One way Anova)، بۆ گۆڕاوەکانی (پۆلی خوێندن، ئاستی ئابووری خێزان، شوێنی نیشتەجێبوون)، لەم ڕووەوە، زانیاریەکانی خشتەی ژمارە (٨)ی خوارەوە، ئاستەکانی جیاوازی و بەڵگەداریتی گۆڕاوەکانی توێژینەوە لەسەر پێوەرەکە نیشاندەدەن.

خشتەی ژمارە (٨)

ئاستەكانی دوورخستنەوەی كۆمەڵایەتی لیتویژەرەوان وجیاوازی بەڵگەداری بەپێی گۆڕاوەكان نیشان دەدات

| گۆڕاوەکانی توێژینەوە | | ژمارەی نموونە | ناوەندە ژمێرەیی | لادانە پێوەر | بەهای (ت) و (ف) | | ئاستی بەڵگەداری ٠،٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | ئەژمار کراو | خشتەیی | |
| رەگەز | نێر | ١٧٢ | ١١١،٤١ | ١٢،٣٢ | ت= ٥،٠٣٥ | ١،٩٦ | بەلگەدارە |
| | مێ | ٢١٨ | ١١٨،٣٠ | ١٤،٤١ | | | |
| پۆلی خوێندن | دەیەم | ١٣٧ | ١١٤،٤٥ | ١٣،٠٣ | ف= ٥،٠٢٠ | ٢،٩٩ | بەلگەدارە |
| | یازدەهەم | ١١٥ | ١١٢،٨٧ | ١٣،٩٦ | | | |
| | دوانزەهەم | ١٤٨ | ١١٨،٠٧ | ١٤،٤٠ | | | |
| بەش | زانستی | ٢٨١ | ١١٧،٨٦ | ١٣،٧٧ | ت= ٥،٧٩٢ | ١،٩٦ | بەلگەدارە |
| | وێژەیی | ١١٩ | ١٠٩،٣٦ | ١٢،٥٤ | | | |
| ئاستی ئابووری خێزان | باش | ٧٦ | ١١٣،٩٩ | ١٢،٤٥ | ف= ٠،٧١٥ | ٢،٩٩ | بەلگەدارنییە |
| | ناوەند | ١٣٦ | ١١٤،٩٧ | ١٤،٢٧ | | | |
| | خراپ | ١٨٨ | ١١٦،١٤ | ١٤،٣٢ | | | |
| شوێنی نیشتەجێبوون | قەزا | ٩٢ | ١١٣،١٦ | ١٣،٨٠ | ف= ٣،٤٣٨ | ٢،٩٩ | بەلگەدارە |
| | ناحیە | ١٤٦ | ١١٤،٣٣ | ١٣،٣٩ | | | |
| | گوند | ١٦٢ | ١١٧،٤٨ | ١٤،٣٣ | | | |

لە خشتەی ژماری (٨) ی سەرەوەدا دەردەكەوێت كە:

١. بەهای (ت) بۆ گۆڕاوی (ڕەگەز = ٥.٠٣٥) گەورەترە لە بەها خشتەییەكەی كە (١.٩٦) بە نمرەی ئازاد (٣٩٨)، لە ئاستی بەڵگەداری (٠.٠٥). بەم پێیە، جیاوازیەكی ئاماری بەڵگەدار لە نێوان تێكڕای نمرەكانی وەڵامدەرەوەكان هەیە لە ئاست هەستكردن بە دوورخستنەوەی كۆمەڵایەتی، لەسەر بنەمای گۆڕاوی (ڕەگەز)، لە بەرژەوەندیی قوتابیە (مێ)یەكان، بە تێكڕایی (١١٨.٣٠)، لە بەرامبەر تێكڕایی (١١١.٤١) بۆ قوتابیانی (نێر). ئەم ئەنجامەش دەكرێت بەم شێوەیە لێكبدرێتەوە. ئەگەر سەرنجبدەین لە سروشتی كۆتوبەندە دەروونی – كۆمەڵایەتیەكان و گەمارۆكانی سەر كچان و ژنان لە كۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەكاندا (كە كۆمەڵگەی كوردستانیش یەكێكە لەوان) لەبەرچاو بگرین، ئەوا نەریتە بۆماوەیی و كۆنەكان تا ڕۆژگاری ئەمڕۆشمان هەر بەركارن و جەختدەكەنەوە لەسەر ئەو بۆچوونەی، كە گوایە ڕەگەزی (مێ) كەمتر لێهاتوو و كارامەترن لە ڕەگەزی (نێر)، لە بواری ئەنجامدان و جێبەجێكردنی بەرپرسیارێتیە جۆراوجۆرەكان. ئەمە جگە لە ئەركە جۆراوجۆرەكانی ناوماڵ و خێزان، كە باری جێبەجێكرنی بە گشتی كەوتۆتە ئەستۆیان. هەموو ئەمانەش هۆكارن بۆ ئەوەی تواناكانی ڕەگەزی (مێ) بۆ جوڵە و كاركردن لە زۆرێك لەو بوارانەی كە ئاواتی بۆ دەخوازن، تاڕادەیەك سنوورداربێت. بێگومان ئەمەش تا ڕادەیەكی زۆر بێبەشیاندەكات لە گەیشتن بە زۆرێك لەو ئامانجە كەسیانەی ئاواتی بۆ دەخوازن، بەمجۆرە، ئەم جۆرە بیر و بۆچوونانە، ڕەنگدانەوەی نەرێنی لەسەریان دروستكردوە، كە خۆی لە هەستكردن بە دوورخستنەوە و پەراوێزخستن دەبینێتەوە، بە بەراورد لەگەڵ

ڕەگەزی (نێر)، وەکیتریش، ئەم ئەنجامە هاوڕایە لەگەڵ تیۆری ڕەتکردنەوەی باس (١٩٦٢)، کە پێیوایە، تاکی (مێ) بە هۆی شەرمنی و تێکەڵنەبوون لەگەڵ ئەوانی دیکە مەیلی گۆشەگیری هەیە. ئەم ئەنجامەش هاوتەریبە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەکەی (الفتلاوي وعجرم،٢٠٢١)، کە پێیوایە، لە ڕووی ئامارییەوە جیاوازیەکی بەڵگەدار لە نێوان ئاستەکانی دوورخستنەوەدا هەیە، کە هۆکارەکەی بۆ ڕەگەز دەگەڕێتەوە. لە کاتێکدا ئەم ئەنجامە تەواو جیاوازە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەکەی (احمد وحسن، ٢٠١٨)، کە ئاماژە بەوە دەدات، هیچ جیاوازیەکی ئاماری بەڵگەدار لە نێوان لێتوێژەرەواندا بۆ ئاستەکانی دوورخستەوە بەدیناکرێت، کە هۆکارەکەی بۆ گۆڕاوی ڕەگەز بگەڕێتەوە.

٢. هەروەها ئەنجامی تاقیکردنەوەی (ف) شیکاری جیاوازی یەکلایەنی ( One way ANOVA) دەریخست، بەهای هەژمارکراوی (ف) بۆ گۆڕاوی (پۆلی خوێندن= ٥.٠٢٠)، گەورەترە لە بەهای خشتەییەکەی (٢.٩٩) بە نمرەی ئازاد (٢) لە ئاستی بەڵگەداری (٠،٠٥). بۆیە لە ڕووی ئامارییەوە جیاوازیەکی بەڵگەدار لە نێوان تێکڕای نمرەکانی وەڵامدەرەوەکان لە ئاست هەستکردن بە دوورخستنەوەی کۆمەڵایەتی لەسەر بنەمای گۆڕاوی (پۆلی خوێندن) بەدیدەکرێت، جیاوازیەکەش بۆ بەرژەوەندیی قوتابیانی (پۆلی دوانزەهەم)ە بە ناوەندە ژمێرەیی (١١٨.٠٧)، ئینجا قوتابیانی (پۆلی دەیەم = ١١٤.٤٥)، پاشان قوتابیانی (پۆلی یازدەهەم = ١١٢.٨٧). لێکدانەوەی ئەم ئەنجامەش ئەوەیە، کە لێتوێژەرەوان (قوتابیانی پۆلی دوانزەهەم)، بە لەبەرچاوگرتنی سروشتی پێگە پەروەردەییەکەیان، کە تایبەتمەندە بەوەی ئەوان، لە چینی سەرەوەن یان ئەوەتا بەرزترن بە بەراورد لەگەڵ قوتابیانی دیکە، کە لە چینی خوارەوەدان. ئەو دۆخەش باوەڕێکی وای بۆ دروستکردوون، کە هەست بە دوورخستنەوەی کۆمەڵایەتی بکەن، بە هۆی نەبوونی هەلی یەکسان لە بەردەمیان، بە هۆی زاڵبوونی هۆکارە ئابووریەکان بەسەر ئەخلاق و داب و نەریتی کۆمەڵگادا، جا بەو پێیەی سیستەمی پەروەردەیی لە هەرێمی کوردستان، لەگەڵ پشتیوانی و کۆنترۆڵی دەوڵەت، هێشتا نەگەیشتوتە ئەو ئاستەی بەژداربێت لە چالاککردنی میکانیزمێکی دیاریکراو بۆ بەژداریکردنی کۆمەڵایەتی هاوشێوەی وڵاتە پێشکەوتوەکان. ڕەنگە هۆکاری ئەمەش بۆ باڵادەستی و هەژموونی توێژێکی دەستەبژێری سیاسی خوێندەوار بگەڕێتەوە، کە ئازادی پەروەردە و پراکتیزەکردنی چالاکیەکانیان سنووردارکردوە. بەم شێوەیەش بەربەستیان لە بەردەم بژاردەکان و ئاواتەکانی ئەوانی دیکەدا داناوە. لە ئەنجامدا دۆخێکی دوورخستنەوە و بەشدارینەکردن لە چالاکیە سەرەکیەکانی ناو کۆمەڵگادا دروستکردوە. هەربۆیە ڕەنگە ئەم قوتابیانە زیاتر هەست بە دوورخستنەوە و پەراوێزخستن بکەن لە چاو باقی ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە. بۆیە ئەم ئەنجامە لەگەڵ تیۆری پێداویستی (ماسلۆ) یەکدەگرێتەوە، بەوەی هەمیشە ماسلۆ جەخت لەسەر گرنگی گەیشتنی تاک بە کۆمەڵێک پێداویستی کۆمەڵایەتیدەکاتەوە، وەک

پێویستی پەیوەندیگرتن لەگەڵ کەسێکی دیکە، پێویستی کەسێک بۆ ئەندامبوون لە گرووپێکی ڕێکخراو، پێویستی ژینگەیەکی یان چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتی، کە تێیدا تاک هەست بە ناسین و ئاشنابوون دەکات، لە نموونەی وەک خێزان یان گرووپی هاوڕێیان وەک ئەوەی قوتابخانە. هاوکات ئەم ئەنجامە تەواو جیاوازە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەی (احمد وحسن، ٢٠١٨)، بەو پێیەی، کە ئاماژە بەوە دەدات، کە هیچ جیاوازیەکی ئاماری بەڵگەدار لە نێوان تێکڕای نمرەکانی لێتوێژەرەوان لە ئاستی هەستکردن بە دوورخستنەوە لەسەر بنەمای گۆڕاوی (پۆلی خوێندن) نییە.

٣. بەهای (ت) بۆ گۆڕاوی (بەش = ٥.٧٩٢) گەورەترە لە بەهای (ت) خشتەیی، کە بریتیە لە (١.٩٦)، بە نمرەی ئازاد (٣٩٨)، لە ئاستی بەڵگەداری (٠.٠٥)، بۆیە جیاوازیەکی ئاماری بەڵگەدار لە نێوان تێکڕای نمرەکانی لێتوێژەروان هەیە، کە هۆکارەکەی بۆ گۆڕاوی (بەش)، دەگەڕێتەوە بۆ بەرژەوەندیی ئەو قوتابیانەی کە سەر بە بەشی (زانستی)ین، لێکدانەوەی ئەم ئەنجامەش -بە بۆچوونی توێژەر- بۆ سروشتی هەستکردن بە دوورخستنەوە لای ئەو قوتابیانە دەگەڕێتەوە، کە بەردەوام بیرکردنەوەی زۆریان لە ئایندە زاڵە بەسەریان، بۆیە زیاتر مەیلیان بۆ گۆشەگیری و خۆدوورگرتن لە ئەوانی دیکە و کشانەوە لە کۆمەڵگادا هەیە. ئەمەش لە پێناو بەدەستهێنانی ئاست و نمرەی بەرزە لە پرۆسەی خوێندندا. بە پێچەوانەی هاوپۆلەکانیان، کە لە بەشی (وێژەیی) ین، بەوە ناسراون کارلێکی کۆمەڵایەتیان زیاترە، ڕەنگە هەر ئەمەش وای لێکردوون دوور بن، ئەگەر بۆ ماوەیەکی کاتیش بێت، لە هەر نیشانەیەکی دوورخستنەوە و پەراوێزخستن. هەروەک ئەم ئەنجامە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەی (الفتلاوي وعجرم، ٢٠٢١) یەکدەگرێتە، لەوەی کە جیاوازیەکی ئاماری بەڵگەدار لە ئاستی هەستکردن بە دوورخستنەوە لە نێوان ئەندامانی نموونەکەدا هەیە، کە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ گۆڕاوی (بەش).

٤. لە ئەنجامی تاقیکردنەوەی شیکاری جیاوازی یەکلایەنی (One Way-ANOVA) بۆ گۆڕاوی (ئاستی ئابووری خێزان) دەرکەوت، کە هیچ جیاوازیەکی ئاماری بەڵگەدار لە نێوان ئەندامانی نموونەدا، لەبارەی هەستکردن بە دوورخستنەوەی کۆمەڵایەتی بەپێی ئەم گۆڕاوە نیە. بەو پێیەی، کە بەهای بەدەستهاتوی (ف) بۆ گۆڕاوی ناوبراو (٠.٧١٥) بووە، ئەمەش کەمترە لە بەهای (ف) ی خشتەیی (٢.٩٩) بە نمرەی ئازاد (٢) لە ئاستی بەڵگەداری (٠.٠٥). لێکدانەوەی ئەم ئەنجامە، ڕەنگە بۆ ئەو ڕاستیە بگەڕێتەوە، کە لێتوێژەرەوان بە هۆی نزیکی بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتیەکەیان لە یەکترەوە، هیچ وەڵامێکی ئەرێنی یان نەرێنیان نیشاننەدا بۆ کاریگەری گۆڕاوەکە لەسەر سروشتی هەڵوێستەکەیان بەرامبەر بە دۆخی دوورخستنەوە. ئەم ئەنجامە تەواو جیاوازە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەکەی (C. Webster and Others,2004) کە پێیوایە، داهاتی کەمی خێزانی قوتابیان وا دەکات، خێزانی ئەم گەنجانە، نەتوانن پێداویستیەکانیان دابینبکەن. ئەمەش

سەردەکێشێت بۆ کاڵبوونەوەی پەیوەندیە خێزانیەکانیان، وەک پاڵنەرێک بۆ دروستکردنی پەیوەندیی دۆستایەتی لەگەڵ کەسانێک کە خۆیان لە بنەڕەتدا بەدەست دوورخستنەوە و پەراوێزەوە دەناڵێنن. لەدواجاریشدا ڕەنگە ڕووبکەنە جیهانی ئالوودەبوون و باقی چالاکیە تاوانکاریەکانی دیکە.

٥. هەروەها ئەنجامی تاقیکردنەوەی (One way ANOVA) دەریخست، بەهای بەدەستهاتوی (ف) بۆ گۆڕاوی ( شوێنی نیشتەجێبوون = ٣.٤٣٨) گەورەترە لە بەهای خشتەیی (٢.٩٩) بە نمرەی ئازاد (٢) لە ئاستی بەڵگەداری (٠.٠٥)، هەربۆیە جیاوازیەکی ئاماری بەڵگەدار بەدیدەکرێت، لەسەر بنەمای (شوێنی نیشتەجێبوون)، بە پلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ بەرژەوەندیی ئەوانەی کە خاوەنی تێکڕایی (١١٧.٤٨)، ئەو قوتابیانەن لە (گوندەکان) نیشتەجێن، دواتر لە پلەی دووەمدا ئەوانەی تێکڕاییەکەیان (١١٤.٣٣) کە قوتابیانی نیشتەجێی (سەنتەری ناحیە)، پاشان لە پلەی کۆتایی خاوەن تێکڕایی (١١٣.١٦) کە قوتابیانی نیشتەجێی (سەنتەری قەزا)کەن. ئەم ئەنجامەش وەها لێکدەدرێتەوە کە جیاوازیەکی ڕوون لە ئاستی هەستکردن بە دوورخستنەوەی کۆمەڵایەتی لە نێوان ئەندامانی نموونەکەدا هەیە، بەپێی گۆڕاوی (شوێنی نیشتەجێبوون)، وەک دەردەکەوێت، کە ئەو قوتابیانەی لە (گوند)دا دەژین، زۆرترینی ئەو گروپانەن هەست بە دوورخستنەوەی کۆمەڵایەتی دەکەن، ڕەنگە ئەم هەستەش بگەڕێتەوە بۆ سروشتی ئەو فشارە کۆمەڵایەتی و دەروونی و ئابووریانەی ئەندامانی ئەم گروپە (قوتابیانی گوندنشین) ڕووبەڕووی دەبنەوە، بە هۆی بەردەست نەبوون یان کەمی خزمەتگوزاری جۆراوجۆرەوە. بە پێچەوانەی ئەو قوتابیانەی کە لە هەردوو ناوچەی (قەزا – ناحیە)دا نیشتەجێن، سروشتی هەستکردنیان سەبارەت بە واقیعی بێبەش بوون و دوورخستنەوە ڕەنگدانەوەی جیاوازیان هەبوو.

بەم شێوەیە ئامانجی دووەمی توێژینەوەکە بەدیهات و دەرکەوت، کە قوتابیانی قۆناغی ئامادەیی، بە پێی چەند گۆڕاوێک ئاراستەیەکی ئەرێنی بەرامبەر بە دۆخی دوورخستنەوە نیشاندەدەن، لە کاتێکدا بەپێی گۆڕاوی دیکە ئاراستەیەکی نەرێنییان هەیە.

**دووەم: ئەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیازەکانی توێژینەوە:**

**أ.** ئەنجامەکان:

پاڵپشت بە شیکردنەوەی ئەنجامەکان، توێژینەوە گەیشتە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١. بە گشتی کاتێک ئەم ئەنجامانەی لەسەرەوە ئاماژەیان پێکراوە لەگەڵ واقیعی کۆمەڵایەتی و دەروونی گەنجان لە هەرێمی کوردستان بەراوردەکرێت، بۆمان ڕووندەبێتەوە، کە توێژێکی گەورە و بەرفراوانی گەنجان (قوتابیانی قۆناغی ئامادەیی) لە لێواری چوونە خوێندنی زانکۆیی دان، لەگەڵ هەستکردن بە دوورخستنەوەی کۆمەڵایەتی، هەژاری، و بێتوناییان لە ڕووبەڕووبوونەوەی بارودۆخە سەختەکانی ژیان، زۆربەی ئەم گەنجانە

دووچاری ڕەتکردنەوە بوونەتەوە. ئەمەش بە هۆی ئەو فشارە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و دەروونیانەی لە ژینگەی پەروەردەییدا (قوتابخانە) ڕووبەڕووی دەبنەوە.

٢. ڕەگەزی (مێ) بەراورد بە ڕەگەزی (نێر) لە ژینگەی پەروەردەییدا زیاتر ڕووبەڕووی دوورخستنەوەی کۆمەڵایەتی دەبێتەوە، هۆکاری ئەمەش بۆ سروشتی کۆمەڵایەتی ڕەگەزی (مێ) دەگەڕێتەوە، کە کەسێکی بەبزاوت و جووڵەیە و زۆر تێکەڵە لە چوارچێوەی ژینگەکەیدا. سروشتی ئەم جۆرە خەسڵەتەش وایە، کە زیاتر ڕووبەڕووی هەڵوێستەکانی دوورخستنەووە و ڕەتکردنەوە دەبێتەوە، چ لە ناو قوتابخانە، یان لە دەرەوەدا. کە بێگومان ئەمەش ئاستەنگ بۆ دەستهاتی خوێندن و لە دواجاریشدا لە ئایندە نەگەیشتن بە ئامانجەکانیان دروستدەکات.

٣. تێبینیدەکرێت، قوتابیانی بەشی (زانستی) بەراورد بە هاوڕێکانیان، کە قوتابیانی بەشی (وێژەیی)ن، لە ژینگەی قوتابخانەدا زیاتر هەست بە دوورخستنەوەی کۆمەڵایەتی دەکەن، چونکە سروشتی کەسێتی قوتابی بەشی (زانستی) بە جۆرێکە، هەمیشە سنووری کارلێک و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی لە چوارچێوەی ژینگەکەیدا فراوانترە بەراورد بە ئاستی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی قوتابیانی بەشی (وێژەیی)، کە تاڕادەیەک سنووردارە. لەم هەڵومەرجەشدا، پێویستە قوتابیانی بەشی (زانستی) ڕێژەی بەریەککەوتنیان لەگەڵ هەڵوێستەکانی وەک: دوورخستنەوە، ڕەتکردنەوە، پەراوێزخستن لە ژینگەی پەروەردەییدا بەرزتر بێت، بەراورد بە هاوڕێکانی دیکەیان.

٤. قوتابیانی قۆناغی ئامادەیی بە شێوەیەکی گشتی ئاراستەیەکی ئەرێنی بەرامبەر بە دۆخی دوورخستنەوەی کۆمەڵایەتی نیشاندەدەن لەسەر بنەمای چەند گۆڕاوێک (ڕەگەز، بەش، پۆلی خوێندن، شوێنی نیشتەجێبوون)، لە کاتێکدا بەپێی گۆڕاوی (ئاستی ئابووری خێزان) بە ڕێژەی جیاواز ئاراستەی نەرێنیان هەبوو. هۆکاری ئەمەش، ڕەنگە بە هۆی سروشتی هەستکردنیانەوە بێت لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە لە یەکترەوە نزیکە، بە تایبەتی زۆر بیرکردنەوە لە داهاتوو، وەک فشارێکی دەروونی تا ڕادەیەک بە سەریانەوە زاڵە، ئەمەش ئەوەندەی دیکە باری سەرشانیانی قورسترکردوە، کاردانەوەکەش بە جۆرێکە، وەکو تێبینیدەکرێت، هەستی دوورخستنەوە و ڕەتکردنەوە لای قوتابیانی خاوەن (ئاستی ئابووری خراپ) بەهێزترە بە بەراورد لەگەڵ قوتابیانی خاوەن (ئاستی ئابووری باش و ناوەند).

**ب. ڕاسپاردەکانی توێژینەوە:**

لەم سۆنگەیەوە توێژینەوە ئەم ڕاسپاردانە پێشکەش بە لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکات:

١. توێژینەوە وەزارەتەکانی (پەروەردە – کار و کاروباری کۆمەڵایەتی) لە حکومەتی هەرێم و دامودەزگاکانیان ڕادەسپێرێت، ڕێوشوێنی توند بگیرێتەبەر بۆ بنبڕکردن و نەهێشتنی ئەم دیاریدەیە لە ناو دامودەزگاکانیاندا (قوتابخانە –خێزان)، لەم بارەیەوە، دەکرێت پەنا

بۆ گرتنەبەری شێوازی هۆشیارکردنەوە و ڕێنماییکردنی تاک لە ناوخێزان یان دامەزراوە پەروەردەییەکان (قوتابخانە -خێزانەکان) و کۆمەڵگە بە گشتی و هۆشداری لە بارەی مەترسی دوورخستنەوەی کۆمەڵایەتی و کاریگەریە نەرێنییەکانی لەسەر ئاستی تاک و کۆمەڵ بڵاوبکەنەوە.

٢. توێژینەوە وەزارەتی پەروەردە لە حکومەتی هەرێمدا ڕادەسپێرێت لەسەر پێویستی گرنگیدانی زیاتر بە بواری پەروەرد و فێرکردن لە ڕێگەی فەراهەمکردنی کەشێکی گونجاو بۆ قوتابیان لە ناو قوتابخانەکانیاندا، کە هانیانبدات بۆ ئاڵوگۆڕی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیە تەندروستەکان، بەپشتبەستن بە ئەزموونەکانیان لە ڕووبەڕووبوونەوەی گرفتەکان و دوورکەوتنەوەیان لە هەر نیشانە و هەڵسوکەوتێکی گۆشەگیری و پاشەکشەی کۆمەڵایەتی.

ج. پێشنیازەکانی توێژینەوە:

١. ئەنجامدانی توێژینەوەی هاوشێوە لەسەر گروپە کۆمەڵایەتیەکانی دیکەی کۆمەڵگەی کوردستانی، وەک ئەندازیاران، مامۆستایان و کرێکاران،... ئەنجامەکانی لەگەڵ ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە بەراوردبکەن.

٢. ئەنجامدانی توێژینەوەیەک لەسەر پەیوەندی نێوان دوورخستنەوەی کۆمەڵایەتی و ئاستی توندوتیژی گەنجان لە کۆمەڵگەی کوردستانیدا.

**پەراوێزەکان:**

(١) ئارنۆڵد هێربێرت باس (Buss.A.H) (١٩٢٤ – ٢٠٢١) دەروونناسێکی ناوداری ئەمریکیە بڕوانامەی دکتۆرای لەزانکۆی ئیندیانا وەرگرتوە و لە زانکۆکانی ئایوا، بیترسبورگ، ڕۆتجرز وانەی گوتۆتەوە. دواتر لە زانکۆی تەکساس لە شاری ئۆستن بۆتە مامۆستا، بەرهەمەکانی لە بواری ڕەفتاری کۆمەڵایەتی و کەسێتیدا پێشکەشکردوە، لەم ڕووەوە (٨٠) توێژینەوەی زانستی و (١٢) پەرتوکی بە چاپ گەیاندوە، ناوبراو بە کاروبەرهەمەکانی زیاتر لەبارەی شەرمنیەوە ناسراوە و ئاگاهی و شەڕانگێزی لەبارەی شەرمنییەوە ناسراوە (http://www.utexas.edu/cola/psychology/faculty/profile.php?id=bussah).

**لیستی سەرچاوەکان:**

**یەکەم: بە زمانی کوردی**


– عزیز، لەیلا ئەمیر عباس (٢٠٠٦) ڕۆڵی نوێبوونەوە لە گۆڕانکاری کولتوری لاوان – توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە شاری هەولێر، نامەی ماستەر (بلاونەکراوە)، بەشی کۆمەڵناسی کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەددین.

- عزيز، سەرکەوت عبدالقادر (٢٠٢٢) گەنج و گەشەپێدانی کەلتووری، دەرفەت و ئاڵەنگاریەکان نامەی ماستەر (بلاونەکراوە)، بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی.


**دووەم: بە زمانی عەرەبی**


- إبراهيم، كاظم بطين (١٩٧٨) المسؤولية الاجتماعية بين الشباب المنتمين واللامنتمين الى مراكز الشباب، (دراسة مقارنة)، جامعة بغداد، كلية الآداب، قسم علم النفس، (رسالة غير منشورة).
- أبو النصر، محمد زكي (٢٠١٢) الاستبعاد الاجتماعي الوجه الآخر للسياسة الاجتماعية، ط١، المكتب الجامعي الحديث، الإسكندرية، مصر.
- إبراهيم، الذهبي، احمد، فريجة (٢٠١٨) عوامل الاستبعاد الاجتماعية واثرها على الفشل الدراسي للتلميذ في المدرسة الجزائرية، (دراسة منشورة) مجلة الدراسات والبحوث الإجتماعية- العدد ٢٨، جامعة الشهيد حمة لخضر، الجزائر.
- أحمد، رشيد حسين وحسن، سمية سامي (٢٠١٨) التمرد النفسي وعلاقته بالقبول الاجتماعي لدى طلبة المدارس الإعدادية في مركز مدينة أربيل وفقا لبعض المتغيرات، مجلة أبحاث كلية التربية الأساسية، جامعة صلاح الدين، العدد ٢، المجلد ١٥، ٢٠١٩.
- الأمم المتحدة (٢٠٢٣) من هم الشباب، تعريف الشباب، اخر زيارة للموقع بتاريخ ١٥ / ١٠ /٢٠٢٣ ، متاح على الرابط: https://www.un.org/ar/global-issues/youth#.
- بيليت، جان ماري (١٩٩٤) عودة الوفاق بين الانسان والطبيعة، سلسلة عالم المعرفة، العدد:١٨٩، المجلس الوطني للثقافة والآداب، الكويت.
- جلال، سعد (١٩٧٤) المرجع في علم النفس، ط١، دار المعرفة للنشر والتوزيع، مصر.
- جلالة، أيمن أحمد حسن (٢٠٠٦) برنامج مقترح للممارسة العامة في الخدمة الاجتماعية لتنمية مشاركة الشباب الجامعي للتعامل مع المشكلات البيئية، أطروحة دكتوراه (غير منشورة)، جامعة حلوان، كلية الخدمة الاجتماعية / قسم الخدمة الاجتماعية.
- الحايس، عبدالوهاب جودة (٢٠٢٠) تقدير الاحتياجات الاساسيةللسكان المحليين كمدخل للتنمية الشاملة، مجلة دراسات فى التنمية والمجتمع، العدد:٣، جامعة حسيبة بن بوعلى، شلف، الجزائر.
- الحريري، صابر على حسن (٢٠١٣) الاستبعاد الاجتماعي لدى فئات تعليمية في المجتمع الكوردي، دراسة ميدانية (منشورة)، جامعة كويه/ كلية العلوم الاجتماعية والإنسانية/ قسم علم الاجتماع.
- خواجة، محمد ياسر، وآخرون (١٩٩٩) دراسات في المجتمع العربي المعاصر، ط١، الأهالي للطباعة، دمشق.

- دافيدوف، لندال (١٩٨٣) مدخل الى علم النفس (ت: سيد الطواب)، دار ما كجرو هيل للنشر ودار المريخ للنشر، الرياض – السعودية.
- الدليم، فهد عبد السلام، وآخرون (١٩٩٣) مقياس الطمأنينة النفسية، مطابع الشهري، المملكة العربية السعودية.
- الديب، هدى أحمد ومحمد، محمود عبدالعليم (٢٠١٥) الاستبعاد الاجتماعي ومخاطره على المجتمع، مجلة الآظافات، الجمعية العربية لعلم الاجتماع بالتعاون مع مركز دراسات الوحدة العربية، العددان ٣١-٣٢ صيف -خريف.
- سالم، علي محمد علي (٢٠١٨) الاقصاء وعلاقته بالاتجاه نحو التطرف الديني والسياسي والاجتماعي لدى الشباب (أطروحة دكتوراه)، جامعة حلوان- كلية الاداب، مصر.
- شيحة، سهيلة (٢٠١٧) دور الاستبعاد الاجتماعى فى انتشار العنف المدرسى، دراسة ميدانية بمتوسطة عبدالباقى نورالدين بالقنطرة-بسكرة (غير منشورة)، جامعه محمد خيضر- كلية العلوم الانسانية والاجتماعية، الجزائر.
- الرحماني، انيسة براهيم ومحمد بن ربيعة (٢٠١٨) اللامساواة الاجتماعية الثقافية والتوجيه المدرسي والجامعي وعالقته بالاختيار الدراسي الجامعي، أطروحة دكتوراه (غيرمنشورة)، كلية العلوم الاجتماعية والانسانية – جامعة الجزائر ٢ ابوالقاسم سعدالله- الجزائر.
- الزوبعي، عبد الجليل والغنام، محمد احمد (١٩٨١) مناهج البحث في التربية، مطبعة جامعة بغداد.
- فان دالين، ديبولد (١٩٩٧) مناهج البحث في التربية وعلم النفس (ترجمة: مجموعة)، ط١، مكتبة الانجلو المصرية، ابەشاهرة- مصر.
- الفتلاوي، خالد ابوجاسم وعجرم، محمد فليح حسن (٢٠٢١) الاستبعاد الاجتماعي لدى طلبة المرحلة الإعدادية، دراسة ميدانية، مجلة ابەشادسية في الآداب والعلوم التربوية، ٢٠٢١، المجلد ٢١، العدد ٤-٢، الصفحات ٤٩-٧٩.
- فرج، صفوت (٢٠٠٧) القياس النفسي، مكتبة الانجلو المصرية، ط ٧، مصر.
- قنديلجي عامر، السامرائي، إيمان (٢٠٠٩) البحث العلمي الكمي والنوعي، ط١، دار اليازوري العلمية للنشر والتوزيع، عمان –الأردن.
- النابلسي، احمد محمد (٢٠٠٤) الأزمات النفسية التي يسببها الاحتلال للعراقيين، مقابلة مع قناة الجزيرة، تاريخ المقابلة: ٢٠٠٤/١٠/٣ متاح على الرابط: https://www.aljazeera.net/programs/withoutbounds/2004/10/3
- هيلز، جون، وآخرون (٢٠٠٧) الاستبعاد الاجتماعي محاولة للفهم، ت: محمد الجوهري، سلسلة عالم المعرفة، المجلس الوطني للثقافة والفنون والآداب (٣٤٤)، الكويت.


**سێیەم: بە زمانی ئینگلیزی**

Shahrawat, A. and Shahrawat, R. (2017) *Application of Maslow's – Hierarchy of Needs in a Historical Context*: Case Studies of Four Prominent Figures. Psychology, 8, 939-954. doi: 10.4236/psych.2017.87061.

- AGNEW، R، ET AL، (1996). *A new test of classic strain theory، justice quarterly*، 13 (4).
- AGNEW، R. (1992). *Foundation for a general strain theory of crime and delinquency*. Criminology، 30(1)، 47-88.
- AGNEW، R.، ET AL.، (1983). *social class and success goals an Examination of relative and absolute Aspiration*، sociological quarterly
- BUSS، A. H.، & WARREN، W. L. (2000). *Aggression questionnaire*:(AQ). Torrance، CA: Western Psychological Services.
- BUSS، A.H، (1961). *Psychology of Aggression*. John Wiley & Sons Inc.، New York، London، Sydney.
- BUSS، D. M. (1995). *Evolutionary psychology: A new paradigm for psychological science*. Psychological Inquiry، 6(1)، 1–30. https://doi.org/10.1207/s15327965pli0601_1
- C. WEBSTER And OTHERS'. (2004). *Poor transitions: Social exclusion and young adults*، first published in Great Britain in December 2004 by The Policy Press، Bristol BS8 1QU، UK.
- GILBERT، P. (1997). *The evolution of social attractiveness and its role in shame، humiliation، guilt، and therapy*. British journal of medical psychology، 70 (2)، 113-147.
- SILVER، H & S.M. MILLER (2003). *Social Exclusion the European Approach to social Disadvantage*: indicators، vol.2 no.2 /spring.
- Thompson, S. K. (2012). *Sampling* (3rd ed). John Wiley & Sons. https://doi.org/10.1002/9781118162934 .

– WEISS، K. R.، BREZINA، V.، CROPPER، E. C.، HOOPER، S. L.، MILLER، M. W.، PROBST، W. C.، and KUPFERMANN، I. (1992). *Pentameric co–transmission in Aplysia: functional implications*

پاشکۆ

شێوەی کۆتایی پێوەری توێژینەوە

حکومەتی هەرێمی کوردستان / عێراق
وەزارەتی پەروەردە
بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر
بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی شەقڵاوە

(ژمارەی فۆرم: (.......)
شوێن: قوتابخانەی ..........................

(فۆرمی ڕاپرسی)

قوتابی بەڕێز ... سڵاو...ئەم فۆرمە ڕاپرسییەی لەبەر دەستە هەوڵێکە لە پێناو ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی زانستی بەناونیشانی (**دوورخستنەوەی کۆمەڵایەتی گەنجان**) بۆیە بڕگەکان بە وردی بخوێنەوە، دواتر هێمای (✓) لەبەرامبەر ئەو وەڵامە دابنێ کە گوزارشت لە بۆچوونەکەت دەکات. دڵنیاش بە وەڵامەکانت کەس نایبینێت جگە لە توێژەر. هەربۆیە هیچ پێویست بە نووسینی ناو ناکات وسەرباری ئەوەش وەڵامەکانت تەنها بۆ ئامانجی توێژینەوەی زانستی بەکار دێت... سوپاس بۆهاوکاریکردنت.

**یەکەم: زانیارییە گشتییەکان:**

١. ڕەگەز: نێر ☐ مێ ☐
٢. بەش : زانستی ☐ وێژەیی ☐
٣. پۆلی خوێندن : دەیەم ☐ یازدەهەم ☐ دوانزەهەم ☐
٤. شوێنی نیشتەجێبوون: قەزا ☐ ناحیە ☐ کۆمەڵگە/ گوند ☐
٥. ئاستی ئابووری خێزانی: باش ☐ ناوەند ☐ خراپ ☐

**دووەم: زانیاری تایبەت:**

| ژ | بڕگەکان | هەمیشە بەسەرما دەچەسپێت | زۆر بەسەرما دەچەسپێت | بەسەرما دەچەسپێت | بەسەرما ناچەسپێت | هیچ بەسەرما ناچەسپێت |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | پێموایە پەیوەندییەکانم لەگەڵ هاوپۆلەکانم لەناو قوتابخانەدا سنووردارە. | | | | | |
| ٢ | هەست بە ئاسوودەیی دەکەم کاتێک لە کەسانی تر دوور دەبمەوە. | | | | | |
| ٣ | من بەزەحمەت پەیوەندی لەگەڵ کەسانی تردا دەکەم . | | | | | |
| ٤ | کاتێک کەسانی تر گاڵتەم پێدەکەن بێتەنگ دەبم. | | | | | |
| ٥ | وادەبینم کەسێکی قەبوڵکراوو خۆشەویستم لەنێو هاوڕێکانمدا | | | | | |
| ٦ | هەستەکانم بە نەرمی وبێدەنگییەوە دەردەبڕم کاتێک سووکایەتیم پێدەکرێت. | | | | | |
| ٧ | پێم باشە زۆربەی کاتەکان تەنیا بم. | | | | | |
| ٨ | خۆم لە تێکەڵبوون لەگەڵ کەسانی تر بەدوور دەگرم. | | | | | |
| ٩ | دروستکردنی پەیوەندی بەهێز لەگەڵ هاوەڵان لە ژینگەی قوتابخانەدا ئەستەمە | | | | | |
| ١٠ | هەست دەکەم لەلایەن هاوڕێکانم ڕەتکراومەتەوە. | | | | | |
| ١١ | کاتێک داوای یارمەتی دەکەم هاوڕێکانم ڕەتیدەکەنەوە. | | | | | |
| ١٢ | هەمیشە هەست بە نزیکیی هاوڕێکانم دەکەم. | | | | | |
| ١٣ | کاتێک قوتابییەک هێرش دەکاتە سەرم، پڕ(ئیستفزاز) دەبم. | | | | | |
| ١٤ | بە دەستوەردان لە کاروباری هاوڕێکانم تەنگەتاو دەبم. | | | | | |
| ١٥ | زۆر تووڕە دەبم لە بارودۆخەکاندا تەنانەت ئەگەر هۆکارەکەشی شایانی نەبێت. | | | | | |
| ١٦ | لەسەر سەرپێچیکردن ویاخیبوونم لە فەرمانەکان، دووچاری ڕیسوایی دەبمەوە. | | | | | |
| ١٧ | لە گفتوگۆکانم لەگەڵ هاوپۆلەکانمدا بە دەمارگیرییەوە قسە ناکەم. | | | | | |
| ١٨ | لە بارودۆخی جۆراوجۆردا بە قسەی ناشرین هێرش دەکەمە سەر هاوڕێکانم ومامۆستاکانم. | | | | | |
| ١٩ | خۆم لە هێرشکردنە سەر موڵک وماڵی قوتابیان بەدوور دەگرم. | | | | | |
| ٢٠ | لەبری یاریە ئارام بەخشەکان لەگەڵ هاوکارەکانم یاری توندوتیژانە دەکەم. | | | | | |
| ٢١ | هەوڵ دەدەم ئەو هاوڕێیانەم کە ڕقم لێیانە، ئاووناوبانگیان بشێوێنم. | | | | | |
| ٢٢ | لە کۆتایی دەوامدا هەڕەشە لە هاوڕێکانم ناکەم بە لێدان وچاوسوورکردنەوە لێیان. | | | | | |
| ٢٣ | خۆم بەدوور دەگرم لە بەشداریکردنی خۆشی وناخۆشیەکانی هاوڕێکانم. | | | | | |
| ٢٤ | هاوڕێکانم گرنگی بە بوونی من دەدەن کاتێک لەگەڵیانم وبیرم دەکەن کاتێک دوورم لێیان. | | | | | |
| ٢٥ | پێم وایە هیچ شتێک من بەم کۆمەڵگایە نابەستێتەوە. | | | | | |
| ٢٦ | لەگەڵ هاوکارەکانم تێکەڵ دەبم و زۆر شتیان لێ فێر دەبم. | | | | | |
| ٢٧ | بانگهێشتی کەسانی تر بۆ بەشداریکردنم لە بۆنە کۆمەڵایەتییەکان ڕەتدەکەمەوە. | | | | | |
| ٢٨ | هەمیشە دەستپێشخەری دەکەم بۆ ئەوەی سڵاو لە هاوڕێکانم بکەم ولەهەواڵیان دەپرسم. | | | | | |
| ٢٩ | خۆم لە گرنگیدان بەهاوڕێکانم کاتێک نەخۆش دەکەون، بەدوور دەگرم. | | | | | |
| ٣٠ | بەشداری هەر چالاکیەک دەکەم کەلەناو قوتابخانەوە ئەنجام بدرێن. | | | | | |
| ٣١ | خۆم لە هاوڕێ گرتنی نوێ لەگەڵ هاوپۆلەتازەکانم بەدوور دەگرم. | | | | | |
| ٣٢ | وایدەبینم گرفتە تایبەتەکانی هاوڕێ وهەوپۆلەکانم پەیوەندی بە منەوە نییە. | | | | | |

*for rhythmic behaviors*. Experiential، 48(5)، 456–463.

## الملخص

## مستويات الاقصاء الاجتماعي لدى الشباب: طلبة المرحلة الإعدادية في حدود مديرية تربية شقلاوة نموذجا

تهدف هذه الدراسة الى: التعرف على مستوى الإقصاء الاجتماعي لدى طلبة المرحلة الاعدادية على وفق الفروق بين المتوسطات الحسابية. كذلك التعرف على مستويات الإقصاء الاجتماعي لدى المبحوثين بحسب متغيرات (الجنس، الصف، القسم، مستوى دخل الأسرة، السكن).

أهمية هذه الدراسة تكمن في التعرف على مستوى الشعور بالإقصاء الاجتماعي لدى فئة مهمة ومؤثرة في المجتمع، الا وهي فئة الشباب (طلبة المدارس الاعدادية)، باعتبارهم الفئة الأكثر نشاطا في المجتمع. ولتفسير الظاهرة نظريا، تم تبني نظريتي الرفض الاجتماعي لـ باس (١٩٦٢)، ونظرية الحاجات (الاحتياجات) لماسلو (١٩٤٣).

تحدد مجتمع الدراسة بجميع طلبة المرحلة الاعدادية في حدود تربية شقلاوة، التى تضم (٢٨) مدرسة اعدادية. وتم اختيار عينة طبقية عشوائية مكونة من (٤٠٠) طالب وطالبة من مجتمع الدراسة البالغ (٥٧٨٥) طالب وطالب، بواقع (١٧٢) ذكور، و(٢٢٨) اناث، واعتمد الباحث في الدراسة على المنهج الكمي، ولجمع البيانات والمعلومات فقد تم اعتماد مقياس (الاقصاء الاجتماعي) المعد من قبل (الفتلاوي وعجرم، ٢٠٢١). وأظهرت نتائج الدراسة أن المبحوثين يتمتعون بشعور عالي بالاقصاء الاجتماعي وبمستوى معنوي أكبر من المتوسط الفرضي، كما يلاحظ لدى أفراد عينة الدراسة اتجاها إيجابيا نحو الحالة.


**الكلمات المفتاحية:** الإقصاء الاجتماعي، التهميش، الرفض الاجتماعي، الفقر، الشباب، الحرمان.